




# حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستەوەستان نابێت

## دەبێت پیاوان بزانن کوشتنی ئافرەت بەناوی ناموس پەرستی بۆ ئابروویی و شەرمەزارییە و دژی ئایینە ئاسمانیەکانینە

وتاری نێچیرڤان بارزانی لە مەراسیمی بەخشینی خەڵاتی ژنپارێزی لە هەرێمی کوردستاندا، پەیامێکی هاوچەرخانە بوو بۆ هەموو توێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بە گشتی و ڕەگەزی ئەو پیاوانەی کە تا ئێستاش شەرەف و کەرامەتی خۆی و خێزانەکانیان لە کوشتنی ئافرەت و بەناو ناموس پەرستی دەبیننەوە.

دانپێدانان و بە ئاشکرا قسەکردن لەسەر ئەم دیاردە ناشیرینەی لە کۆمەڵگاکەماندا هەیە، نیشانەی ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان چیدیکە بەو یاسا و نەریتە تەقلیدیانەی کە لە کۆمەڵگەکەماندا هەیە قایل نابێت و هەروەها چیتر دەستەوەستان و تەماشاکەر نابێت بەرامبەر بەو کەسانەی کە تاوانی کوشتنی



بە ئەنقەستی ژنان و ئافرتان لە ژێر پەردەی ناموس پەرستی ئەنجامدەدەن، ئەوانەی ڕێگرن لە بەردەم بوونیادی ڕاستەقینەی بنەماکانی دیموکراسی لە وڵاتەکەماندا، هەر ناوێك لە خۆیان بنێن و هەر پاساوێك بۆ ئەم کارە قێزەونانەیان بهێننەوە، دەکەونە خانەی ئەو کەسانەی کە سەنگەری دژ و دوژمنایەتیان لە ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەمان گرتووە و لەگەڵ ئەو کەسانە جیاوازیان نییە کە پیلان بۆ تێکدانی ئەزموونە دیموکراتییەکەمان دەگێڕن و هەوڵدەدەن سیمای پێشکەوتن هەڵکشانی ئاستی حوکمڕانی باش لە هەرێمی کوردستاندا لە بەرچاوی جیهان لەکەداربکەن.

**لابردنی حەسانەی تاوانی ناموس پەرستی و هاوتاکردنی بە تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست**

لە وتارەکەیدا بەرێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژە بە دوو خاڵی گرنگ دەکات بەوەی پێویستە ڕووبەڕووی کێشەکانی کۆمەڵگا بینەوە و لە ئاستی بەرپرسیاریەتیدا بین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕێگرتن لەو دیاردەی ناشرین و قێزەون لە ناو کۆمەڵگەدا.

ئەم هەڵوێستەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی هاوتای هەڵوێستی سەرۆك ئۆلۆف پاڵمە بوو کە پێش هەر کەسێك لە سوید بڕیاری مافی یەکسانی نێوان ڕەگەزی نێر و مێی لە کۆمەڵگەی سوید ڕاگەیاند و ئێستاش وڵاتی سوید دەبینین کە چۆن بۆتە نموونەی بەرزی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو، هێمایەك بۆ ئەو کۆمەڵگایەی کە ڕێزی مافەکانی مرۆڤ دەگرێت.

لەم چوارچێوەیەدا سەرۆکی حکومەتی کوردستان هاوتا لەگەڵ دەرکردنی یاسای گونجاو لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بۆ ڕەنگاربوونەوەی دیاردەی ڕەشە کوژی ژنان بەناوی ناموس پارێزی، داوا دەکات کە دەبێت:

١- ئەو یاسایانە جێبەجێبکرێن

٢- بە دواداچوون لەسەر جێبەجێکردنی یاساکان بکرێت.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایانەش لیژنەیەك پێکهێنراوە کە بەشێوەیەکی بەردەوام چاودێری جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە دەکات و هەوڵدەدات ئەو هەقیقەتانە لە ناو خەڵکیدا بڵاو بکاتەوە کە:

-١ ئەگەر کۆمەڵگەیەك ڕێز لە مافی هەموو پێکهاتەکانی نەگرێت بە جیاوازی ڕەگەز و ئایین و نەتەوەوە ئەوا پێشکەوتنی تەواو بە خۆیەوە نابینێت .

-٢ ئەگەر ئێمە وەك گەلی کوردستان بڕیارمان دابێت کۆمەڵگەی خۆمان لەسەر بنەمای دیموکراسی و ڕێزگرتنی بنەماکانی مافی مرۆڤ بونیادنێینەوە ئەوا دەبێت تەواوی بنەماکانی مافی مرۆڤ بە مافی ژنانیشەوە پیادە بکەین



و دەبێت ئافرەت و ژن پێش هەر شتێك وەك مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و ئەو نەریت و کەلتوورە باوەی کۆمەڵگە بگۆڕین کە تا ئێستاش بە چاوێکی کەم سەیری ئافرەت و ژنانی کوردستان دەکات.

-٣ تاوانی کوشتنی ژنان لەسەر شەرەف یان بە ناوی ناموس پارێزییەوە، وەك سەرۆکی حکومەت گوتی: پێم باشترە ناوی لێ بنێین تاوانی ئابڕووبەر، هیچ ناموس پەرستییەکی تێدا نییە ئەم تاوانەش وەك تاوانی کوشتنی مرۆڤێك بە ئەنقەست وایە دەبێت یاسا هەمان ڕەفتار لەگەڵ بکوژانی ئافرەت بە ناوی ناموس پەرستی بکات و سزای هەمان ئەو تاوانبارە بێت کە تاوانی کوشتنی بە ئەنقەستی مرۆڤێك پیادە دەکات.

ئەم هەنگاوە کە هاوتاکردنی تاوانی کوشتی ژنە لەسەر ناموس پەرستی، بە تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست، لابردنی ئەو حەسانەیە کە پێشتر کۆمەڵگەی ئێمە و کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان بە یەك چاو سەیریان نەکرد و تاوانی کوشتنی ژنانیان بە کێشەی ناو خێزان دادەنا و پێیان وابوو ئەم کێشەیە پێویستە هەر لە چوارچێوەی خێزاندا چارەسەربکرێت، بەڵام بە هێنانە دەرەوەی ئەم کێشەیە لە چوارچێوەی خێزان و مامەڵە لەگەڵ کردن وەك ئەوەی تاوانێکە و دژی کۆمەڵگا ئەنجام دراوە ئەوا ئەو دەسەڵاتەی خێزان بوونی نابێت و یاسا دەبێتە سەروەر و ڕێگە نیشاندەر بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان.

**یەکسانی و دادپەروەری نێوان ڕەگەزی نێرومێ سیمای دیموکراسیە**

بنەماکانی کۆمەڵگەی دیموکراسی دادپەروەریی، کۆمەڵایەتی و یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاوە، کۆمەڵگەیەك ناتوانێت بەخۆی بڵێت کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی ئەگەر تاکەکانی ئامادە نەبن ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ و جیاوازی پێکهاتەکانی نێو کۆمەڵگە بگرن.

سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە

کۆمەڵگەدا بێگومان پەیامەکە راستەوخۆ رووبەرووی رەگەزی پیاو دەبێتەوە، کە دەشـــڵێن رووبەرووی رەگەزی پیاو دەبێتەوە، مەبەست ئەوە نییە کە پیاو لەم هاوکێشەیەدا بە تەنیا توخمێکی سلبیە، نەخێر لەم هاوکێشەیەدا پیاوان دوو رۆڵیان هەیە:

١- ئەو پیاوانەی بڕوایان بە یەکسانی نێوان رەگەزی نێر و مێ هەیە و هەوڵدەدەن ئەم یەکســـانیە لە ناو کۆمەڵگا بچەسپێت، ئەوا پێویســـتە زیاتر رۆڵی خۆیان ئەکتیڤتر بکەن و هەوڵبدەن ببنە پاڵپشت بۆ ئەو دەنگانەی ئافرەت کە هەوڵدەدەن یەکسانی نێوان ژن و پیاو بەدەست بهێنێ.

٢- ئەو پیاوانەی کە بە کاری ناشـــرینی کوشـــتنی ئافرەت هەڵدەستن و هەوڵدەدەن بە بیانووی نامووس پەرستی بەشێکی ســـەرەکی کۆمەڵگا بێ کار بکەن و هەر کاتێکیش ئارەزوویان بوو بە ناوی شـــەرەف پارێزییەوە رەشـــە کوژیان بکەن پێویستە هەموو کۆمەڵگە بە روویاندا بوەســـتێت بە مجۆرە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن:

١- دەبێت کۆمەڵگە پێش هەموو شـــت پشتگیری لە هیچ کام لەو پیاوانە نەکات کە تاوانی کوشـــتنی ئافرەت ئەنجامدەدەن، بۆ ئەوەی گۆشەگیر و ناسراوبن.

٢- پێویســـتە سزای کوشتن بە ئەنقەست بەسەر ئەو تاوانبارانە جێ بەجێ بکات کە تاوانی کوشـــتنی ئافرەت ئەنجامدەدەن و ئـــەو نەریتە باوی نەمێنێ کە تاوانی کوشـــتنی ژنان بەناوی شەرەف پارێزییەوە سزاکەی سوك دەکرا.

٣- دەبێت بەو پیاوانە بســـەلمێنرێت کە کوشتنی ئافرەت تەنیا کێشـــەی ناو خێزان نییە و تەنیا لە ناو چوارچێوەی خێزانیشدا چارەسەر ناکرێت و، کێشەیەکی کۆمەڵایەتیەو لە بەردەم دادگا و لە ژێر سەروەریی یاسادا جێبەجێ دەکرێت.

٤- پێناسەکردنەوەی شەرەف و نامووس و ناچارکردن ئەو پیاوانەی کە تەنیا پاراســـتنی شەرەف بە ئەرکی ئافرەت دەزانن، بەوەی شـــەرەفی خێزان و کۆمەڵگا تەنیـــا ئافرەت نییە و بە تەنیاش ئافرەت لە پاراســـتنی بەرپرسیار نییە، شـــەرەف و نامووسی لەو گەورەترە لەو چوارچێوە بچووکەدا پێناســـەی بۆ بکرێت، لە ســـەرو هەموویانەوە شـــەرەف و نامووس ئەوەیە کە مرۆڤ بەشداربێت لە خۆشگوزەرانی و بەرەو پێشەوە بردنی وڵاتەکەی و کۆمەڵگاکەی، نەك بە بیانووی شەرەف و نامووسەوە رووی کۆمەڵگاکەی لەبەر چاوی جیهان ناشیرین بکات.

بـــۆ ئـــەوەی هەوڵەکانی حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان سەرکەووتووبن پێویستە هەموو چین و توێژەکان هاوکاربن.

پرۆســـەی وەرچەرخـــان و لە ریشـــەو هەڵکێشـــانی دیاردە و نەریتە قێزەوەنەکانی کۆمەڵگا، پرۆســـەیەکی دەســـتەجەمعی سەرتاســـەری کۆمەڵگایە و پێویستە هەموو پێکەوە هاریکاربن بۆ ئەوەی ســـیمای کۆمەڵگا بگۆڕین بەتایبەتی کە هەندێك لایەن و رێکخراوی ناو کۆمەڵگا ئەرکی ســـەرەکیان دەکەوێتە ئەستۆ لەوانە:

١- دەزگاکانی راگەیاندن

دەزگاکانی راگەیاندن بە هەرســـێ ئاستی بیستراو، نووسراو، بینراو، ئەرکێکـــی گەورەی هۆشـــیارکردنەوەی کۆمەڵگایان دەکەوێتە سەرشـــان لەم چوارچێوەیەدا ئەرکی راگەیاندن هاوتا بەرامبەر ئەرکی لایەن و رێکخراوەکان دیکە، ئەرکێکی ســـەرتا پاگیـــرە و پردێکی پەیوەندی بەهێزە لەگەڵ ســـەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ و پەیوەندیەکی بەردەوامیشە، هەر بۆیە زۆر گرنگە راگەیاندن هەوڵبدات کە هەڵمەتی هۆشـــیارکردنەوەی کۆمەڵ و هاندانی تاکە کان بە ئاراســـتەی کۆتایی هێنان بە توندوتیژی ئەرکی سەرشـــانی هەمـــوو تاکەکانی کۆمەڵە و دەبێت پەیامێکی ئاشکرا و روونی هەبێت بەرامبەر بە یەکسانی نێـــوان رەگەزی نێرومێ و هەروەها بۆ پاراســـتنی بنەماکانی مافەکانـــی مرۆڤ و نابێـــت بە هیچ جۆرێـــك رێگە بدات راگەیاندن بێتە سەکۆیەك بۆ پێشێلکردنی ئەم مافانە:

٢- رۆڵی پیاوانی ئایینی







کــە دەڵێن پیاوانی ئایینــی، بە تەنیا مەبەســت لە پیاوانی ئایینی ئیســلام نییە، بەڵکو کوردستان وڵاتێکی فرە ئایینە و هەموو ئاینەکانیش دژی کوشــتنی ئافرەتن، هەر بۆیە دەبێت مامۆستایانی ئایینی ئیســلام و قەشەکان و پیرانی یەزیدی لــەم هەڵمەتەدا هــاوکار و پشــتیوانی بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیــاردە قێزەوەنەبــن، دەبێت مینبەری مزگەوت و کەنیســە و پەرستگاکان شوێنی هوشیارکردنەوە و هاندانی هاوڵاتیان بێت بۆ خۆشەویستن و
لێبووردەیی و رێزگرتن لە ئافرەتان، نەك هاندانی توندووتیژی و پێشــلکاری مافەکانی مــرۆڤ و پیادەکردنی توندووتیژی دژی ئافرەتان.

**-٣ دەزگاکانی پەروەردە و فێرکردن.**

بەداخەوە تائێســتاش دامەزراوەکانی ئێمە تەنیا رۆڵی فێرکردن دەبینن، نەك پەروەردە و فێرکردن، قوتابخانەکان بەشــێوەیەکی گشتی تەنیا قوتابخانەی فێرکردنن، نەك قوتابخانەی پەروەردە و فێرکــردن، بۆیە زۆر گرنگــە قوتابخانەکان هەم مەڵبەندی فێرکردنی قوتابیان بن، هەم مەڵبەندی پەروەردەکردنی نەوەکانی دوارۆژیش بن پێویســتە منداڵ هەر لەســەرەتاوە بەو شێوەیە پەروەردە بکرێت کە ســەروەریی یاسا نیشــانەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیــە و دەبێت رێز لە یاســا بگیرێت و هیچ کەس لە یاسا بەرزتر نییە.

هەر بۆیــە ئەگەر دەزگاکانــی پــەروەردە و فێرکردن هەوڵ بدەن پەروەردە و فێرکردن پێکــەوە گرێبدەن، دەتوانن نەوەیەکی هۆشیار و رۆشنبیری تەوتۆ پەروەردە بکەن کە چیدیکە نەریتە قێزەوەنەکانی کۆمەڵگا لە خشتەیان نەبات.

**-٤ شــوێنی کارکردن و رێکخراوەکانــی کۆمەڵگەی مەدەنی**

لایەنێکی دیکەی گرنگ کە دەبێتە هاندان و پشــتگیری بۆ ئافرەتان پێدان شــوێنی گونجاوە لــە حکومەت و پەرلەمان و کۆمپانیــا و دامەزراوە بازرگانییەکان بــە ئافرەت بۆ ئەوەی ئافــرەت هانبدرێت کە هیچی لە پیــاو کەمتر نییە، هەروەها رێکخراوەکانــی کۆمەڵگــەی مەدەنــی دەبێــت کارگەی بەرهەمهێنەری چالاکگــەری کۆمەڵایەتی بن، نەك بوونیان هەبێت و کاریگەریان نەبێت، دەبێت رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێناســەی چالاکگەر(activites) بکەنەوە ودەبێت چالاکگەرەکان پێشەنگی گۆڕانکاری کۆمەڵگابن.

بۆبەدواداچوونــی ئــەم پرســە گرنگە و هەوڵــدان بۆ زیاتر تاوتۆکردنــی گوڵان تــەوەری ئەمجــارەی بۆ ئەم پرســە تەرخانکردووە و ژمارەیەك پسپۆریش بەشداریان لەگەڵدا کردین کە بریتین لە:

- ١. پارێزەر ســورەیا فەلاح: ســەرۆکی لیژنەی مافەکانی ئافرەتی کورد لە باکوری ئەمەریکا
- ٢. پرۆفیســۆر دکتۆر رەشــاد میران: راگــری کۆلیژی پــەروەردەی زانکۆی ســەلاحەدین و ســەرۆکی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان لە کوردستان
- ٣. د. کانــی غولام: بەڕێوەبــەری تۆری زانیاری کوردی ئەمەریکی AKIN
- ٤. پرۆفیســۆر چۆك میگدان: ئوســتادی سیاســەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی واشنتۆن.

ئەم بەڕێزانە وێرای هەڵســەنگاندنی ئەم باسە گرنگە، بەڵام لە هەندێك پەرەگرافدا ئاماژەیان بە چۆنیەتی حوکمڕانی باش و رۆڵی هەرێمی کوردســتان لە عێراق و ناوچەکەدا کردووە و هەروەها جارێکی تر ئەوە بــە خوێنەرانمان رادەگەیەنینەوە کە بیروبۆچوونــەکان جیاوازن و مەرج نییــە ئەوەی ئەو بەڕێزانە ئاماژەیان پێکردووە دەربڕی سیاســەتی تەواوی گوڵان بێت و لەو روانگەی ئازادی رادەبرینــەوە بۆچوونەکانی خۆیان بڵاو دەکەینەوە.



پارێزەر سورەیا فەلاح
سەرۆکی لیژنەی مافەکانی ژنی کورد لە باکووری ئەمەریکا بۆ گوڵان



■ خاتوو سورەیا فەلاح کە ئێستا سەرۆکی لیژنەی مافەکانی ژنی کوردە لە باکووری ئەمەریکا (knc)، هەروەها چالاکگەرێکی کۆمەڵگایە و هەوڵدەدات بۆ پشتگیری مافەکانی مرۆڤ و ئازادکردنی زیندانە سیاسییەکان لە ئێران.

سورەیا لە کوردستانی رۆژهەڵات لە نێو بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ هاتۆتە دنیاوە، هەر بۆیە زۆر بە گەنجی تێکەڵاوی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بووە و پاشان چۆتە ئەمەریکا.

پارێزەر سورەیا فەلاح هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چەند کتێبێکی نووسیوە و ئێستا توێژەرە لە ئامۆژگای دیراساتی سیاسەت و نێودەوڵەتی (IPIS)، و چەندین جاریش راوێژکار و ئەندامی چالاکی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و خاچی سووری نێودەوڵەتی بووە.

وەك چالاکگەریکیش لە بواری داکۆکی کردن لە مافی ژنی کورد، رێکخەری چەندین کۆنفرانس و بەشداریشی لە زۆربەی کۆنفرانسەکانی ژنانی کورد کردووە/ مارتی ٢٠٠٧ یەکێك بووە لە بەشداربووانی کۆنفرانسی داکوکیکردن لە مافی ئافرەتان لە هەولێر، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کە رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت زۆر بە راشکاوی هەڵوێستی حکومەتی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان پیشاندا، گوڵان پەیوەندی بە پارێزەر سورەیا فەلاح کرد و بەرێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان، دەربڕی. ■

# پەیامەکەی نێچیرڤان بارزانی هەنگاوێکی گەورەیە و دەبێت پشتیوانی لێ بکرێت

## هەنگاوێکی گەورە بۆ سنووردانان بۆ توندوتیژی دژی ئافرەتان

دەسەڵات یان حکومەت ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاو لە ڕێکخستنەوەی بونیادی کۆمەڵگا و پیادەکردنی یەکسانی دەگێڕێت،، هەڵوێستی نێچیرڤان بارزانی کە لە وتاری مەراسیمی خەڵاتی ژنپارێزی ئاماژەی پێکرد، ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ بەرنگاربوونەوەی دیاردەی توندوتیژی کە دژ بە ژنان پیادە دەکرێت، سەبارەت بەم هەڵوێستە بوێرانەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان خاتوو سوریا فەلاح بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:

(ئەم هەڵوێستەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی هەنگاوێکی گەورەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت لە هەرێمی کوردستاندا سنورێك بۆ توندوتیژی دژی ئافرەتان دابنرێت، لەبەر ئەوەی دیاردەی پیادەکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان دیاردەیەکی زەقی ناو یاساکانی پێشووی عێراق بووە، هەندێك لەو توندوتیژییانەی کە لە دژی ئافرەت پیادە دەکرێت یاساکانی پێشووی عێراق پشتگیریان لێکردووە، هەر بۆیە ئەم دیاردەیە ڕەگ و ڕیشەی لەو ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا داکوتیوە و کارێکی ئاسان نییە لە ڕیشە هەڵکێشانی.

لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگ بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان هەڵگیراوە و هەوڵدراوە ئەو یاسایانە هەموار بکرێت کە ڕێگە بە پیادەکردنی توندوتیژی دژی ژنان دەدەن، کەلتووری کۆمەڵگای کوردستان کەلتوورێکە ڕێز لە مافی ئافرەت دەگرێت، بەڵام ئەم کەلتوورەش وەك تەواوی کوردستان شێوێنراوە، هەر بۆیە پێویستی بە هەوڵێکی گەورەیە بۆ ئەوەی ڕێکخرێتەوە، لە بەر ئەوەی نەریتێکە ، بۆ کۆمەڵگای ئێمە نامۆیە، کۆمەڵگەی ئێمە ڕێزی ئافرەت دەگرێت، بەڵام دەبینن ئێستا کاتێك ئافرەت هەڵەیەك دەکات، یان ئەوەی پیاو بە هەڵەی دادەنێت، دەبینن پیاوەکە ئەو مافە بەخۆی دەدات ژنەکە بکوژێت، هەر بۆیە چارەسەری ئەم جۆرە کێشانە و بەرەنگاری ئەو نەریتەی هاتۆتە ناو کۆمەڵگەکەمان پێویستی بە هەڵوێستی ڕاشکاوانەی حکومەت هەیە و کاتێك نێچیرڤان بارزانیش ئەم هەنگاوە هەڵدەگرێت، ئەوە هەنگاوێکی گەورەیە.

## دوای کوشتنی دوعا بۆ یەکەمجار باسی کۆمەڵگەی ئێمە کرا

سەبارەت بە قێزەونی ئەو دیاردەیە کە بە چ ئاستێك سیمای کۆمەڵگەی کوردستان لەسەر ئاستی جیهان ناشیرین دەکات سوریا فەلاح رای خۆی دەربڕی:

(گەلێك جار و لە گەلێك بۆنەدا لە کوردستان جەختکراوەتەوە سەر ئەوەی کە دەبێت دیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەت رابگیرێت، تەنانەت ڕێزدار نێچیرڤان بارزانیش چەندین جاری دیکەش تەئکیدی لەسەر ئەم مەسەلەیە کردۆتەوە، من لێرەدا دەخوازم ڕاشکاوانە ئاماژە بە کوشتنی دوعا بکەم لە کوردستان، حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە تا چەند ئەم ڕووداوە ڕووی کۆمەڵگەی کوردستانی لەسەر ئاستی جیهان ناشیرین کرد، لەبەر ئەوەی کوشتنی دوعا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، ئەو دەنگدانەوەیە ڕووی دواکەوتوویی کۆمەڵگەی ئێمەی پیشانی جیهاندا و یەکەمجار بوو بەو شێوەیە باسی کۆمەڵگەی ئێمە بکرێت.

## ئەوانەی لە ئەورووپاشن لەم کەلتوورە رزگاریان نەبووە

لە درێژەی قسەکانیدا و سەبارەت بەریشەیی ئەم نەریتە ناشیرینە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، سوریا ئاماژەی بەوە کرد، کە ریشەکێش کردنی ئەم دیاردەیە پێویستی بە ئیرادەیەکی بەهێز هەیە، خەڵك هەیە ماوەی زیاتر لە ١٤ ساڵ لە ئەورووپا ژیاوە، کەچی لە ئەورووپا ژن دەکوژێت، یان گەنجێك لە ئەورووپاوە دێتەوە و لە کوردستان ژن دەکوژێت، بۆیە هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە کە بتوانێت هەڵوێستێکی ڕاشکاوانە و بوێرانەی هەبێت و بەرامبەر ئەم دیاردەیە ڕابوەستێت، لەبەر ئەوەی کاتێك کەسێك ژنێك دەکوژێت کێ دەتوانێت ئەو بکوژە وەك بکوژێکی بە ئەنقەست بناسێنێ، ئەگەر حکومەت یاسایەکی نەبێت بۆ ناساندنی وەك بکوژی مرۆڤێك و ئەنجامدەری تاوانێکی بە ئەنقەست، هەر بۆیە زۆر جێگای خۆشحالیە کە دەبینرێت لە کوردستان عێراقدا هەوڵدەدرێت تاوانی کوشتنی ئافرەت وەك تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست سەیر بکرێت و ئەنجامدەری تاوانەکە وەك تاوانباری تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست سزا بدرێت.

## دەبێت پیاو هاریکاری ژن بێت بۆ لابردنی ئەو زوڵمە

کاتێك باسی پیادەکردنی توندوتیژی دەکرێت، حەتمەن ئەوەی توندوتیژی دژی ژنان پیادە دەکات تاکی پیاوە، بەڵام مەرجیش نییە هەموو پیاوان لەگەڵ پیادەکردنی توندوتیژی بن دژی ژنان و، بۆیە دەکرێت پیاوانیش هاوکاری ژنان بن بۆ بەرنگاربوونەوەی ئەم توندوتیژیە، دەربارەی هاوکاری پیاوان لەم مەسەلەیەدا لەگەڵ ئافرەت، سوریا گوتی:

(١٠ ساڵ پێش ئێستا یونسکۆ کونگرەیەکی لەسەر ژنان گرێدا، لەم کونفرانسەدا ئاماژە بەوەکرا کە دەبێت ئافرەت خۆی هەوڵبدات دژی توندوتیژی ڕابوەستێت و هەروەها دەشێت ئەم کارەش بە هاوکاری پیاو بکات لە بەر ئەوەی پیاویش نیوەکەی دیکەی کۆمەڵە.

من لەم راستییەدا هەموو پیاوان بە دژی ژن نازانم یان هەموو پیاوان وا نابینم کە پشتگیری لە توندوتیژی دژی ئافرەتان بکەن، بەڵکو پیاوێکی زۆر دژی توندوتیژی ئافرەتان ڕادەوەستن و هاوکاری ئەم پیاوانەش لەم بوارەدا زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەگەر پیاو پشتگیری

ئافرەت نەکات بۆ رووبەڕووبوونەوەی توندووتیژی و ڕێگرتن لە کوشتنی ژن، ئەوا ئافرەت بە تەنیا ناتوانێت، ئەگەر پیاوان پشتگیری ئافرەت نەبن بۆ قەدەغەکردنی خەتەنەی ئافرەتان ئەوا ئافرەت بەتەنیا ناتوانێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە ناو کۆمەڵگە پیاو لە ئافرەت بەهێزترن و لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەتیشدا بڕیار بەدەستی پیاوە.

لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەی جێگای خۆشحاڵیە ڕێژەی ئەو پیاوانەی پشتگیری لە مافی ژنان دەکەن زۆرن، ئێستا ئافرەت ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە هەروەها ئافرەت وەزیرە، ڕێگە بە چالاکی ئافرەتان دەدرێت و بیروڕای خۆیان لەگەڵ پیاوان ئاڵوێر دەکەن، لە هەمووشیان گرنگتر هەڵوێستەکانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانییە کە بەردەوام جەخت لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکاتەوە و پشتگیری لە مافی ژنان دەکات، هەر بۆیە ئەم مەسەلەیە لە دەوڵەتی هەرێمی کوردستاندا بەو ئاستە گەورە نییە، جێگەی خۆشحاڵییە کە یاساکانی گۆڕاون و هەروەها بیروڕای ئەوەشیان هەیە هەنگاوی گەورەتر هەڵبگرن، ئێستا حکومەتی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدایە مەسەلەی کوشتنی ژن وەك تاوانێکی ئابڕووبەر بناسێت، بکوژی ژن وەك قاتڵ بناسێت و هیچ جیاوازیەکی نەبێت لەگەڵ ئەوکەسەی پیاوێکی کوشتبێت، ئەمە بە هەنگاوێکی هێجگار گرنگ دادنرێت.

**دەخوازم ڕاشکاوانە ئاماژە بە کوشتنی دوعا بکەم لە کوردستان، حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە تا چەند ئەم ڕووداوە ڕووی کۆمەڵگەی کوردستان لەسەر ئاستی جیهان ناشیرین کرد، ڕووی دواکەوتوویی کۆمەڵگەی ئێمەی پیشانی جیهاندا**

### فێربوونی ڕێزگرتن لە یاسا لە پەروەردەوە دەست پێدەکات

بۆ ئەوەی ئەم کەلتورە ئابڕووبەرە بگۆڕین بە کەلتورێکی سەردەمیانە و گەڕانەوە بۆ ڕەسانەیانی کۆمەڵگەی کوردستان کە هەموو کات لە هەوڵی ئەوەدابووە ڕێز لە ئافرەت بگیرێت و مافەکانی بۆ دابین بکات پێویستمان بە پرۆسەیەکە کە دەبێت



جارێکی دیکە لە ڕیشەوە ئەو کەلتوورە نامۆیەی دزەی کردۆتە کۆمەڵگەی کوردستان دەربهێنرێت سەبارەت بەم هەنگاوانە خاتوو سورەیا گوتی:

(زۆر جارگوێمان لەوە دەبێت هەندێك پیاو دەڵێن من ئەو ژنە دەکوژم ئینجا هەرچییەك دەبێت بابێت) ئەم قسەیە پشت ئەستووریە بەو نەریتەی لە کۆمەڵگادا ڕەگی داکوتیووە و دڵنیاشە یاساکان مەسەلەی بکوژی بە ئەنقەستی لەگەڵ ناکەن و ئەگەر سزاشی بدەن سزایەکی سووك دەدەن، بۆیە پێویستە ئەم پشت ئەستوورییەی پیاوان نەهێڵرێت و یاسایەك هەبێت کە وەك بکوژی بە ئەنقەست سزای بدات، هەروەك چۆن ئێستا ئەم یاسایە لە ئەمەریکا و ئەوروپا پیادە دەکرێت، کە ئەم یاسایە پیادەکرا حەتمەن پیادەکەی دەگاتە قەناعەت کە ئەم ڕەفتارەی هەڵەیە و نابێت بیکات. هەربۆ نموونە ئێستا لە ئەوروپا و لە ئەمەریکاش، ئەگەر ژن یا پیاو دەستدرێژی بکەنە سەریەك، ئەو جا مەرج نییە هەر پیاو توندووتیژی بەکار بهێنێت، جاری وای هەیە ژنیش توندووتیژی بەکار دەهێنێت، هەرکامیان تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکات، پۆلیس ئەوکەسە ڕاپێچی زیندان دەکات کە دەستدرێژی کردۆتە سەر بەرامبەرەکەی، یان باوکێك توندووتیژی دژی کچەکەی پیادە بکات، باوکەکە دەبرێتە بەردەمی دادگا و سزای دەدرێت، بۆیە پێویستە لە کوردستانیشدا یاسایەك هەبێت بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ توندووتیژی بکات.

**هەندێك لەو توندوتیژییانەی کە لە دژی ئافرەت پیادە دەکرێت یاساکانی پێشووی عێراق پشتگیریان لێکردووە، هەر بۆیە ئەم دیاردەیە ڕەگ و ڕیشەی لەو ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا داکوتیوە**

### لە هەندێک شوێن کۆرپەی ناوسکی دایک کوڕ بێت یان کچ جیاوازی هەیە

هەر سەبارەت بە جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێرومێ و تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ زاڵکردنی پیاو بەسەر ئافرەتدا خاتوو سورەیا گوتی:

(کەلتووری کۆمەڵگەی کوردەواری جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێرومێ ناکات و لە

کەلتوری رەسەنی کوردەواریدا ئافرەت ئازادە، بەڵام چەندین کەلتووری دیکە بەهۆی شەڕ و شۆڕ و داگیرکارییەوە هاتۆتە ناو کۆمەڵگەی ئێمە و ریشەی داکوتاوە، بەداخەوە هەندێك لە کەلتوورە بەناوی ئیسلام بەسەر ئێمەیاندا سەپاندووە کە لەوانەیە بەهەڵە تەفسیری ئیسلامیان بۆ کردبین من ئەوەیان نازانم، بەڵام لە کوردستاندا مەسەلەی سەرەکی ئێمە مەسەلەیەکی نەتەوەیی بووە و ئیسلام بە جوانترین شێوە وەریگێڕاوە و هەر بۆیە بێجگە لە ئیسلام ئاینەکانی دیکەش لە کوردستاندا بوونیان هەرماوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەلتوری بێگانە تێکەڵاوی کەلتووری ئێمە بووە و پیان گووتین بەپێی ئیسلام بۆتان هەیە ژن بکوژن، هەروەها ئیسلام ژن بە نیوە حسابی دەکات، ژن حەق و حقوقی پیاوە، وەك هەر کەلوپەتیکی دیکە کە پیاو خاوەنداریەتی دەکات. ئافرەت لە ماف و میراتدا شێوەی پیاو وەردەگرێت، تەنانەت ئەگەر ژنێکی سکپر بکوژرێت بەهەر هۆیەك بێت، ئەگەر زانرا کۆرپەکە کچە ئەوا جۆرێك»دیە»وەردەگرێت و ئەگەر زانرا کوڕە دووبەرابەر»دیە»وەردەگرێت. خەریکە هەموو ئەمانەمان بەناوی ئیسلامەوە بەسەردا دەسەپێنی، کە هەموو ئەمانەش زەمینەخۆشکەرن بۆ پیادەکردنی زیاتری توندووتیژی دژی ئافرەتان

**بۆ ئەوەی ناوی میللەتەکەمان نەزڕێت دەبێت پشتگیری هەڵوێستەکەی نێچیرڤان بارزانی بکەین**

کە نەریتی توندووتیژی دژی ئافرەت و دیاردەی ژن کوشتن بەناوی ناموس پارێزییەوە نەریتی کۆمەڵگەی ئێمە نەبێت و لەرێی داگیرکارییەوە بەسەرماندا سەپێنرابێت، کەواتە نێچیرڤان بارزانی هەوڵی ئەوەدەدات کە رەسەنایەتی کۆمەڵگەی کوردستان بگرێتەوە و ئەو دیاردە نامۆیە ریشەکێش بکرێت کە خۆی خزاندۆتە ناو کۆمەڵگەی ئێمە، لەم حاڵەتەدا حکومەتی کوردستان پێویستی بە پشتگیری تەواوی خەڵکی کوردستانە بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوەی سەرکەوتوو بێت دەربارەی ئەم پرسە پارێزە و سورەیا فەلاح بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو:

(من حەز دەکەم دیسان لەم فاکتەرە دەست پێ بکەم، بۆ یەکەمجار کە ناوی کورد هات بەوەی بۆدواوە دەگەڕێتەوە، ئەوکاتە بوو کە دوعا لە کوردستان کوژراو دەنگیدایەوە، زۆر کەس گەیشتنە ئەو قەناعەتە کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووە، ئەمە لە کاتێکدا چەندین ساڵ بوو هەموو هەوڵی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوە بوو کە بە جیهان بلێین کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانی عێراق هەنگاو بەرەوپێشەوە هەڵدەگرێت و رێگەی خۆی دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەو رووداوەی دوعا خەریك بوو ئەو هەموو هەوڵە بەفیرۆ بدات، هەر بۆیە زۆر گرنگە ئاگاداری ئەوە بین کاتێك ژنێك بەناوی نامووس پارێزی لە کوردستان دەکوژرێت، تا چەند سیمای کۆمەڵگەی کوردستان لەبەرچاوی خەڵك ناشیرین دەبێت هەر بۆیە کاتێك سەرۆکی حکومەتی کوردستان راشکاوانە هەوڵدەدات ئەم دیاردەیە رابگرێت و لەلایەن ژنانی کوردستانەوە پشتگیری لێدەکرێت ئەمە مەسەلەیەکی هێجگار گەورەیە و دەبێت هەموومان پشگیری لێ بکەین بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نەبێت، هەروەها پێویستە لەسەر هەموو ئاستەکان بەتایبەتی پەروەردە کە لە قۆناخی منداڵیەوە فێر بکرێن کە ئەو کەلتوورە کەلتووری ئێمە نییە، هەروەها لەسەر ئاستی دەزگاکانی راگەیاندنیشی دەبێت ئەم مەسەلەیە بایەخێکی گرنگی پێ بدرێت و ئێمە هەڵمەتێك بۆ هۆشیارکردنەوەی زیاتر و بەگژداچوونەوەی ئەو دیاردە ترسناکە.



**ئێستا لە ئەوروپا و لە ئەمەریکاش، ئەگەر ژن یا پیاو دەستدرێژی بکەنە سەریەک، ئەو جا مەرج نییە هەر پیاو توندووتیژی بەکار بهێنێت، جاری وای هەیە ژنیش توندووتیژی بەکار دەهێنێت، هەرکامیان تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکات، پۆلیس ئەوکەسە راپێچی زیندان دەکات کە دەستدرێژی کردۆتە سەر بەرامبەرەکەی**

**باوکێک توندووتیژی دژی کچەکەی پیادە بکات، باوکەکە دەبرێتە بەردەمی دادگا و سزای دەدرێت، بۆیە پێویستە لە کورستانیشدا یاسایەک هەبێت بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ توندووتیژی بکات**

د.کانی غولام
بەڕێوەبەری تۆڕی زانیاری کوردی ئەمەریکی AKIN بۆ گوڵان



■ کانی غولام کە ئێستا بەڕێوەبەری تۆڕی زانیاری کوردی ئەمەریکی (AKIN)ە و دەرچووی زانکۆی تۆرنتۆیە پسپۆڕو تایبەتمەندە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و فێزی دکتوارەیەکەی لەسەر مێژووە و یەکێکە لە چالاکگەرەکانی مافەکانی مرۆڤ. بۆ هەڵسەنگاندنی باری مافەکانی مرۆڤ و رەوشی ئافرەت لە کوردستان گوڵان پەیوەندی بە د.کانی غولام کردو بە ڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە. ■

# ئەو کۆمەڵگەیانەی خاوەنی پەروەردەیەکی ئاست بەرزن بزوتنەوەگەلێکی فێمێنیستی بەهێزیان دەبێت

**کارە گرنگەکان بە کوڕەکان دەسپێرین و کچانیش ڕەوانەی چێشتخانەکان دەکەین**

*** لەم هەفتەیەدا ساڵیادی پاراستنی ئافرەتان لە کوردستان بەڕێوەچـــوو، لە لایەن حکومەتی کوردســـتانەوە گرنگی و بایەخێکی زۆری پێدرا و، ســـەرۆکی حکومەتی کوردستان پێداگیری کرد لەســـەر ئەوەی نابێت هیـــچ توندووتیژیەك لە دژی ئافرەتان بەکاربهێنرێت، کەواتە چۆن وەســـفی ئەو توندووتیژیە دەکەیت کە لە دژی ئافرەتان بەکار دەهێنرێت؟ باشترین ڕێگاچارە چییە بۆ کۆتایی هێنان بەم دیاردەیە؟**

- توندووتیژی لە دژی ئافرەتان بەشێکە لە کەلتوری ئێمە. لـــە ژیانی خێزانـــی خۆماندا، پتر قـــەدر و ڕێز بۆ کوڕان دادەنێیـــن نەك کچـــان. لە ماڵەکانمانـــدا، کارە گرنگەکان بە کوڕەکان دەســـپێرین و کچانیش ڕەوانەی چێشتخانەکان دەکەین. لە گەڵ ئەوەشدا، کەلتور تەنها خۆی لە خێزانەکاندا بەرجەســـتە ناکات، بەڵکو بەشێکی دانەبڕاوە لەو ڕۆژگار و سەردەمەی تێیدا دەژین. ئێمە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژیین، زۆربەمان موســـڵمانین و بـــە داخەوە، باوەڕمان بە جیاکردنـــەوەی ڕۆڵی ڕەگـــەزە جیاوازەکانـــە، واتە ڕۆڵی پیاوان و ئافرەتانە لە یەکدی. لە گەڵ ئەوەشـــدا، پێویستە، کراوە بین و بیروبۆچوونە پێشـــکەوتنخوازەکان قبوڵ بکەین. لەبەر ئەوەی پێشـــکەوتن بە هۆی ژیری و کرانەوەی بیرەوە بەدەست دەهێنرێت نەك بە هۆی بیرو باوەڕە چەقبەستووەکان. پێویســـتە درێژە بە کارو کۆششەکانمان بدەین تا ئەو کاتەی مەشخەڵەکە دەدەینە دەست نەوەی داهاتوو.

گـــەر بگەڕێینەوە بۆ ڕۆڵی پیاوان و ئافرەتان، ئەوا دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین، کە لە ڕوی جەستییەوە جیاوازی لـــە نێوان ئەم دو ڕەگەزەدا هەیە. ئەوەش ڕاســـتە پیاوان لە هەندێ بواردا کارامـــە و لێهاتون و ئافرەتانیش لە هەندێ بواری دیکەدا شـــارەزا و بە توانان. بـــەڵام گەر دەرفەتی یەکســـانیان بۆ بڕەخسێنرێت، ئەوا پیاوان و ئافرەتان دەتوانن ئەرکی هاوبەش هەڵبسوڕێنن.

گەر ســـەرۆکی حکومەتی کوردستان خوازیارە هەستیاری نێـــوان پیاوان و ئافرەتان کەم بکاتەوە لە کوردســـتاندا، ئەوا پێویســـتە ئەو هەنگاو و کردارانە بگرێتەبەر بە چەشـــنێك گروپـــە پەراوێزکراوەکان مامەڵەیەکـــی تایبەتیان لە گەڵدا بکرێـــت بۆ ئەوەی قەرەبوی ئەو زیان و ئازارانە بکەنەوە کە پێشتر دوچاری بوونە.

لە ئەمەریکا، بە شـــێوەیەکی سەرەکی ئەو ئەمەریکیانەی بە ئەســـڵ ئەفریقین، ســـوودیان لەم سیاســـەتە بینی. لە کوردســـتاندا، هەرچەندە چەندین هەنگاو لە دواوەیە، بەڵام سوودی خۆی هەیە.

**پێویستە سەرکردەکانمان خەبات و تێکۆشان بکەن بۆ دابینکردنی یەکسانی لە کۆمەڵگەکانماندا**

*** لـــە ڕۆژهەڵاتدا، دیاردەیەك هەیـــە، وا دەکات ئافرەتان پەنا بۆ خۆکوشتن ببەن، کە بە هۆی ئاگرەوە ژیانی خۆیان کۆتایی پێدەهێنن، لە ڕوانگەی تۆوە، بۆچی ئافرەتان ناچار دەبن پەنا بۆ خوکوشتن ببەن؟**

- تەنگـــژەك هەیە پێیدەڵێـــن پێشـــبینی و چاوەڕوانییە بـــەرزەکان. ئافرەتان خوازیاری یەکســـانین لـــە جیهاندا. دەرفەت بۆ هەندێك ڕەخســـاوە تاوەکـــو درێژە بە خەباتێکی ئاشتیانە بدەن. هەندێکی دیکە هەلی ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە تاوەکو بیرو بۆچوونی خۆیان بە ئاشـــتیانە دەرببڕن. کاتێك ئامادەنین گوێ لە خوشـــکەکانمان بگرین، یاخود دەرفەتی خۆدەربڕینیان پێنادەین، ئەوا پێگەیان بۆ ئاستی ئاژەڵ کەم دەکەینـــەوە. ئەو کاتەی کە لـــە کۆمەڵگەش دادەبڕێن ئەوا پەنا بۆ ئەو کردەوە ترســـناکانە دەبەن، ئەو کاتەش تێکڕای کۆمەڵگـــەی کوردی، وەکو کۆمەڵگەیەکی ســـەرەتای لە جیهاندا وەسف دەکرێت.

پێویستە سەرکردەکانمان ســـەرنجی ئەو ڕاستییە بدەن و بە چەشنێك کۆمەڵگەکەمان گەشـــەپێبدەن کە لەو بارو پێگە سەرەتاییە ڕزگاری بێت. گەشەکردن هەر لە خۆوە ڕوونادات، بەڵکو، بە داخەوە، پێویستی بە قوربانیدانی خوشکەکانمانە و پێویستی بەوەیە سەرکردەکانمان خەبات و تێکۆشان بکەن بۆ دابینکردنی یەکسانی لە کۆمەڵگەکانماندا. خوشکەکانی ئێمە نابینا نین، ئەوان یەکسانی لە سەر شاشەکانی تەلەفزیۆن دەبینن. ئەوان لە خۆیان دەڕوانن و پرسیاری ئەوە دەکەن ئایا شایستەی ئەوەن درێژە بە ژیانیان بدەن. دووبارەی دەکەمەوە، پێویستە لە ماڵەکانمانەوە دەســـت پێبکەین. دواتر دەتوانین لـــە قوتابخانەکاندا هەمان هەل و مەرج بڕەخســـێنین. گەر هەڵســـاین بە ئەنجامدانی ئـــەو کارەش ئەوا کاتێك کچانی کۆمەڵگەکەمان گەورە دەبـــن، خوازیاری درێژدان دەبن بە ژیانیان لەبـــری ئەوەی کۆتایی پێ بهێنن. بە پێچەوانەوە، ئەوا بە دوای شـــوێنێکی تاریکدا دەگەڕێن، شەش پێ لە ژێر زەویەوە بێت، کە پێی دەڵێن گۆڕ. بە داخەوە، زۆرێك لە ئافرەتانی ئێمە بەم چارەنوسە گەیشتون.

**چارەسەرکردنی ئەم کێشانە گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەخوازێت**

***لە عێراق و کوردســـتاندا، کوڕان و کچـــان ڕووبەڕووی دیاردەیەك دەبنەوە، ئەویـــش ئەوەیە تەمەنیان تێدەپەڕێت و بە ساڵدا دەچن، بەڵام هاوســـەرگیری ناکەن، هۆکارەکەش ســـەختی هەل و مەرجـــی ژیان و ســـەختی ژیانە، وایان لێـــدەکات نەتوانن بیری لێنەکەنەوە، بـــە تایبەتی ئافرەتان، دەکرێت ئەمەش بە یەکێکی دیکە لەو مەترســـیانە لە قەڵەم بدەین کـــە ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبێتـــەوە، پێت وایە ئەم کێشەیە چۆن چارەسەر دەکرێت؟ بە چ ڕێگایەك؟**

- ئەو کۆمەڵگەیانەی بە پرۆســـەی گۆڕانە نائاساییەکاندا

تێدەپەڕن ئەم دیاردەیە سەرهەڵدەدات تیایاندا. کوردستان لە باری ئاشتیدا نیە لە گەڵ خۆیدا بەو پێیە منداڵەکانی ئەم هەرێمەش ئەم ئازارەیان چەشتوە. بەهەر حاڵ ئێمە بە تەنها نین. ئــەو کۆمەڵگەیانەی بە هەمان ئەم هەل و مەرجانەدا تێپەڕیون ڕووبەڕووی هەمــان تەحەددا بونەتەوە. بۆ نمونە، شیشــان، کەرتی غەززە، کەناری ڕۆژئاوا، بۆرما و تیبت. چارەسەرکردنی ئەم کێشانە گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەخوازێت لە تێکــڕای هەرێمەکەدا. یەکێك لە ڕێــگاکان بریتیە لە شکاندنی کۆتی سەر کوردەکان و ڕزگاکردنی کوردستان. بە چەشنی کۆمەڵگەکانی دیکە کە ئازادن، ڕەنگە ڕێگاچارەی مانەوە بە تەنها و ئەنجامنەدانی هاوسەرگیری یەکێك بێت لەو مەسەلانەی ئافرەتان هەڵیبژێرن.

هەروەها کێشەی هێز و دەســەڵات هەیە، ئافرەتان لاوازترین ئەندامی کۆمەڵگەن لە تێکرای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا. ڕۆمانیــەکان ووتەیەکیــان هەیە: « کاتێــك درەختەکان دەهەژێــن، گەڵا لاواز و لەرزۆکەکان هەڵدەوەرن» ئەوەی لە کوردســتاندا ڕوودەدات هەمان شتە. ئافرەتان، کە لاوازترین چینــی کۆمەڵگەن، لە هەمــو ئەندامانی کۆمەڵگە زیاتر دووچــاری ئێش و ئازار دەبن. شــەرمە ئەمە قەدەری ئەو کەســانەبێت کە ژیانمان پێدەبەخشن. من خۆشحاڵم کە ئێوە ئەم بارودۆخە زەقدەکەنەوە. بــەو هیوایەی دەرئەنجامێکی باشی لێبکەوێتەوە.

**پێویستە سەرکردەکانمان لە یەککاتدا گرنگی بە نەتەوەخوازی و لەبەرچاوگرتنی مافی ئەندامانی کۆمەڵگە بدەن**

*** لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەکەمان کۆمەڵگەی دوای شەڕە، و پێشتر سیاسەتەکانی پاکتاوی ڕەگەزی لە دژی نەتەوەی کــورد پەیڕەوکراون، حاڵــی حازر چەندیــن ئافرەتی بێ سەرپەرشتیارمان هەیە، بە تایبەتی ئەوانەی هاوسەر، باوك، و براکانیان لە دستداوە. سەرەڕای ئەوەش کۆمەڵگە دڵڕەقە بەرامبەر ئەو ئافرەتانە، چۆن دەکرێت لە بارودۆخێکی ئاوادا بتوانین ئەرکی پەروەردەکردنی ئەم ئافرەتانە بگرینە ئەستۆ بۆ ئەوەی نەبنە قوربانی دەستی ئەم کۆمەڵگایە؟**

- ئەم پرســیارە پەیوەندی بە هەمان ئەو کێشــەیەوە هەیە کە لە پرســیارەکەی پێشــوتردا هاتبوو. ئەوانەی خوازیارن ســەرکردایەتی نەتەوەکەمان بکەن پێویستە چارەسەری ئەم کێشــەیە بکەن. سەرکردایەتیکردن بە مانای ئەوە نیە خۆت بسەپێنیت بەســەر نەتەوەکەتدا، بەڵکو بە مانای ئەوە دێت خزمەتی نەتەوەکەت بکەیت. پێویستە لە یەککاتدا گرنگی بــە نەتەوەخــوازی و لەبەرچاوگرتنی مافــی ئەندامانی کۆمەڵگە بدەیت، ئەو کاتە دەتوانین هەل و دەرفەتێکی زۆر بۆ هاوڵاتیان بڕەخسێنیت بۆ ئەوەی بە ئاسودەی و ئارامی بژین. پێویستە ئێمەش بە هەمان شێوە ڕەفتار بکەین. دەبێت سەرکردەکانمان بوار بۆ ئافرەتان بڕەخسێنن. پێویستە ئافرەتان چاودێری ســەرکردەکان بکەن. بەرپرسیارێتی بەشێکی ئەم هاوکێشەیەیە. پێویســتە ئەزمون لە کۆمەڵگەکانی دیکەوە وەربگرین ئەوانەی توانیان ئەم کێشانە چارەسەربکەن.

**یەکێک لە ڕێگاچارەکان ئەوەیە دەرفەت بدرێت بەم ڕێکخراوانە بۆ ئەوەی ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانیان بهێننەدی**

***ژمارەیەکی یەکجــار زۆر مەڵبەند و ڕێکخراوی تایبەت بــە ئافرەتان هەیە، بــەڵام کاریگەریەکــی کەمیان هەیە لەسەر بەرەوپێشــبردنی توانا و لێهاتووی ئافرەتان. بۆچی چالاکگەرکانی بواری داکۆکیکــردن لە ئافرەتان کاریگەر نین لەسەر ئافرەتان؟**

-بە مەزندەی من ئەوەی تــۆ دەتەوێت بیڵێیت ئەوەیە ئەم ڕێکخراوانە کە خۆیان تەرخان کردووە بۆ باشترکردنی قەدەر و چارەنوسی ئافرەتان لە ئاستی پێویستدا نین و نەیانتوانیوە پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکەن. یەکێك لە ڕێگاچارەکان ئەوەیە دەرفەت بدرێت بــەم ڕێکخراوانە بۆ ئەوەی ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانیان بهێننەدی. بــە داخەوە من ئاگاداری وردەکاریەکان نیــم، بەڵام دەمەوێت ئەوە بڵێم: پێویســتە ئەو عەقڵیەتە بگۆڕین کە چاوەڕوانی هەمو شــتێك دەکات لەسەرەوە. پێویستە بزانین خواست و داواکاریەکانمان چین و بیخەینە بەردەم ئەو کەسانەی چاوەڕوان ئەوەیانی لێدەکرێت ببنە ســەرکردەمان. ئەوانەی بە ناوی ئێمەوە قســەدەکەن پێویســتە سەرەتا گوێ لە خواســت و نیگەرانیەکانی ئێمە بگرن. شتێکی زۆرمان داوا نەکردووە کاتێك دەڵێین پێویستە حکومەت ژینگەیەکی ئارام و ئاسایش بۆ هاوڵاتیان دابین بــکات. لەبەر ئــەوەی لە دواجــاردا، ئامانجی حکومەت ئاسودەی و خۆشگوزرانی هاوڵاتیانە.

**پێویستە ئافرەتان پەرە بە بەهرە وتواناکانیان بدەن بۆ ئەوەی تەنها وەک ئامرازێک بۆ چێژ لێوەرگرتن نەمێننەوە**

***لە ڕۆژهەڵاتدا ئافرەتان بەهایان هەیە، بەڵام تەنها لە سەر جێ، بەو مانایەی پیــاوان تەنها بۆ تێرکردنی غەریزەکانی خۆیان پێویســتیان بە ئافرەتانە. چۆن دەکرێت ئافرەتان لەم بارە ڕزگار بکەیــن بۆ ئەوەی ببنە هۆکارێکی گرنگ بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە؟**

- دەکرێت بە هۆی پەروەردەوە ئــەو ئامانجە بهێنرێتەدی. پێویســتە ئافرەتان پەرە بە بەهرە وتواناکانیان بدەن بۆ ئەوەی تەنها وەك ئامرازێك بۆ چێژ لێوەرگرتن نەمێننەوە. پێویستە لەوە دڵنیابیــن ئافرەتانمان دەچن بۆ قوتابخانە و ئەو بەهرە لێهاتوییانە فێردەبن کە بتوانن لەسەر ئاستی جیهان ململانێ بکەن و لە ڕووی داراییەوە ســەربەخۆبن بۆ ئەوەی هەمیشە پشــت بە باوك و برا و هاوســەرکانیان نەبەستن. تەنها بە

**ئەگەر سەرۆکی حکومەتی کوردستان خوازیارە هەستیاری نێوان پیاو و ئافرەت کەم بکاتەوە پێویستە مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ گروپە پەراوێزکراوەکان بکات**

**توندووتیژی لە دژی ئافرەتان بەشێکە لە کەلتوری ئێمە. لە ژیانی خێزانی خۆماندا، پتر قەدر و ڕێز بۆ کوڕان دادەنێین نەک کچان. لە ماڵەکانماندا، کارە گرنگەکان بە کوڕەکان دەسپێرین و کچانیش ڕەوانەی چێشتخانەکان دەکەین**

یەکسانبوونیان، پیاوان و ئافرەتان ئاسودەییەکی ڕاستەقینە بەدەست دەهێنن. بە پێچەوانەوە، پەیوەندییەکان گرژ و ئاڵۆز دەبن و دەرئەنجامەکەش بریتی دەبێت لە لێکترازان و پچڕانی یرازەی خێزانەکان یاخود بەرزبونەوەی ڕێژەی خۆکوشـــتنی خوشکەکانمان هەروەك لە کوردستاندا هەیە.

## بزوتنەوە فیمێنیستیەکان بە شێوەیەکی کت و پڕ دەرناکەون. ئەو کۆمەڵگەیانەی خاوەنی پەروەردەیەکی ئاست بەرزن بزوتنەوەگەلێکی فێمێنیستی بەهێزیان دەبێت.

***بزوتنەوە فیمێنیستیەکان، لە کوردستان و عێراقدا، ڕوبەڕووی کۆســـپ و ئاســـتەنگێکی زۆر دەبنەوە، بە تایبەتی: ئاین ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە سەرکوتکردنی ئەم بزوتنەوانەدا. کەواتـــە نەبوونی ئەم بزوتنەوانـــە چ کاریگەریەکی دەبێت لەسەر ڕەوتی بەرەوپێشچونی کۆمەڵگەکەمان؟**

- من هەمیشـــە باوەڕم بە کاریگەری لایەنی ئینســـانی پـــەروەردە هەبووە. کاتێك پیاوانی کۆمەڵگەیەك بە باشـــی پەروەردەکرابێت، ئەوا کاریگەریەکی باشـــیان دەبێت لەسەر خوشکەکانیان. بزوتنەوە فیمێنیستییەکان بە شێوەیەکی کت و پڕ دەرناکەون. ئەو کۆمەڵگەیانەی خاوەنی پەروەردەیەکی ئاست بەرزن بزوتنەوەگەلێکی فێمێنیستی بەهێزیان دەبێت. پەروەردە و زانین چەکێکی کاریگەرن. نەزانی و دواکەوتویی، هەناسەکانی پێشکەوتن دەخنکێنن. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بارێکی ســـەرگەردانیدا دەژیت. ڕەنگە ئەو پرســـیارەی ئاڕاستەی منت کرد ئاماژەیەکی باش بێت بۆ ئەو کوردانەی لـــە ئەمەریکادا نیشـــەجێن. ئێمە یا دەبێت لەو پشـــێوی و ســـەرگەردانیە خۆمان ڕزگاربکەین یاخود پتر دوابکەوین. مـــن هیوادارم بتوانین لەگەڵ گۆڕانەکانی دونیادا هەنگاو هەڵبگرین. هەروەها هیوادارم ڕۆژێك بتوانین ببینە یەکێك لە پێشەنگەکانی جیهان. با ئەوەمان لە یاد نەچێت ڕۆژێك بوو باو و باپیرانمان ڕێنمایی مرۆڤایەتیان دەکرد. بەڵام دواتر شارستانیەتی ڕۆژئاوا جڵەوی کاروانی گرتەدەست. دەکرێت هەمان ڕۆژگار و ســـەردەم دوبـــارە بکەینەوە. بەڵام ئەوەش بە خەبات و تێکۆشـــانی تێکڕای دانیشـــتوانەکە دەکرێت. هەرگیز ناتوانین بە هەوڵ کۆششی نیوەی دانیشتوانەکەمان لە گەڵ جیهانی هاوچەرخدا هەنگاوبنێین.

## گەر کچ بومایە
## نەمدەتوانی وەڵامی زۆرێک لە پرسیارەکانی ئێوەم بدابایەوە

***تـــا وەکو ئێســـتا، ڕۆڵـــی ئافرەتـــان لە سیاســـەت و حکومڕانیکردندا، ڕۆڵێکی ســـنووردارە، و ئافرەتان دوورن لە پرۆســـەی بڕیارســـازیەوە، بەو پێیە پیاوانـــی بڕیار لە چارەنووســـی ئافرەتان دەدەن، چـــۆن دەکرێت ئافرەتان ببنە بەشێك لە پرۆسەی بڕیاری سیاسی؟**


ــ دووبـــارە دەکرێت بە هۆی پـــەروەردەوە ئەنجام بدرێت. من ســـەر بە خێزانێکم کە خاوەنی دە منالە: شەش کوڕ، و چوار کچ. هیچ یەکێك لە خوشکەکانم خاوەنی بڕوانامەی زانکـــۆ نیە. چوار لە کوڕەکان خاوەنی بڕوانامەی زانکۆن. خوشـــکەکانم هەمان زیرەکـــی منیان هەیـــە. دەتوانن لە هەمـــوو بوارێکدا ململانێم بکەن. بـــەڵام لەبەر ئەوەی من کوڕبووم هاندرام بۆ ئەوەی بچـــم بۆ قوتابخانە. گەر کچ بومایە نەمدەتوانی وەڵامی زۆرێك لە پرســـیارەکانی ئێوەم بدابایەوە.

ئێســـتا وەکو کوڕێك هەســـت بـــە تاوان دەکەم لە ئاســـت خوشـــکەکانمدا. من نەرم و نیانم لەگەڵیاندا بە هۆی ئەو دەرفەتانەی بۆ من ڕەخســـاوە. مـــن پەروەردەکەی خۆم بە هەموو ئاڵتونی هیندستان ناگۆڕمەوە. دووبارە گەر من کچ بومایە ئەوا تەنها زانیاریەکی سنووردارم دەبوو لەسەرجیهان. ناتوانم بەبێ سوکرات، سیسرۆ، ســـینیکا، تاسیتۆس، بیر لە جیهان بکەمەوە. مـــن وەك کوردێك ئەمانە دەزانم لەبەر ئەوەی وەکو کوڕێك لە دایکبوم.

## ئێمە چیتر نەتەوەیەکی هەتیو نین
## خاوەنی ئەو ڕۆڵانەین بە کوڕ و کچەوە بە ناوی کوردستانەوە قسەدەکەن

***بە پێی تێڕوانینی تۆ چ ئایندەیەك چاوەڕوانی ئافرەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت دەکات؟ بە شێوەیەکی گشتی لە عێراق و بە شێوەیەکی تایبەتی لە کوردستاندا؟**

- من ئومێدم بە ئایندە هەیە. بەوەی ڕۆژێك بێت کوردستان ئازاد بێت و ئافرەتانیش شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان بگرن یەکەم وەك شەریکێکی یەکسان و دوەم وەکو خوشکێك. ئێوە وەکو گۆڤاری گوڵان، بەشـــدارن لە هێنانەدی ئەو ڕۆژە شکودارەی تیایایدا زەوی باو و باپیرانمان ئازاد و سەربەست دەبێـــت. چالاکگەرێکی وەکو من بۆ هەمان مەبەســـت تێدەکۆشم لە شوێنێکی دووری وەك ئەمەریکاوە. ئێمە چیتر نەتەوەیەکی هەتیو نین. ئێمە خاوەنی ئەو ڕۆڵانەین بە کوڕ وکچەوە کە نەك تەنها بە ناوی بەشـــێکی کوردســـتانەوە قســـەدەکەن بەڵکو بە ناوی تێکڕای کوردســـتانەوە. من سڵاوم هەیە بۆیان و ستایشـــیان دەکەم. لە بەڵێنەکانیاندا دەرفەتێکی زۆر بەدی دەکەم بۆ خوشکەکانمان. تەنها ئەو کاتە پرســـیارەکەی ئێوە دەبێتە بەشێك لە تۆماری مێژوو. بە داخەوە ئێســـتا بەشـــێکە لە هەواڵی ڕۆژانەمان. بەڵام یەکێك لە ســـرودەکانی بزوتنەوەکانی مافە مەدەنییەکانی ئەمەریکا ئەم دەســـتەواژەیەی وتەوە پێویســـتە ئێمە زاڵ بیـــن! بە هـــاوکاری و پشـــتیوانی ئێمە خوشـــکەکانمان شوێنی راســـتەقینەی خۆیان دەگرن لە کوردستاندا. لێرە ئەوە روویداوە، گەر لای ئێوە بەو شـــێوەیە نییە پێویســـتە دەرفەتیان پێبدەن.



●●●
**خوشکەکانی ئێمە نابینا نین، ئەوان یەکسانی لە سەر شاشەکانی تەلەفزیۆن دەبینن. پێویستە لە ماڵەکانمانەوە دەست پێبکەین. دواتر دەتوانین لە قوتابخانەکاندا هەمان هەل و مەرج برەخسێنین**
●●●



د.ڕەشاد میران
راگری کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان و پسپۆر لە بواری سۆسیۆلۆژیا بۆ گوڵان

# نابێ حکوومەت جڵەو بۆ خێزان شل بکات

پێویستە پیاوانی ئایینی تێروتەسەلتر ئەو بابەتە بۆ خەڵکی شرۆڤە بکەن و تاوانکاران ریسوا و شەرمەزار بکەن، چونکە دەتوانن رۆڵی کاریگەر و ئیجابی بگێڕن

لایەنێکی دیکە بریتییە لە لێپرسینەوەی توند لەگەڵ ئەوانەی پشتگیری و داڵدەی تاوانکاران دەدەن

نابێ حکوومەت جڵەو بۆ خێزان شل بکات بەڵکە دەبێ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و دادگاو دەزگاکانی پۆلیس چاودێری ئەو نێوەندەی پێگەیاندنی تاک بکەن

*** وەك دەزانن كوشتنی ئافرەت لەسەر نامووس تاوانێكی گەورەیە، كردارێكە ناكۆك لەگەڵ تەواوی یاسا ئاسمانی و دانراوەكان، وەلێ ئەوەی جێگەی نیگەرانیە ئەو تاوانە بەشێوەیەكی فراوان لە كۆمەڵگەی ئێمەدا پەیڕەودەركرێ ڕێژەكەشی لەزیاد بوونی بەرچاودایە، وێڕای ئەوەی كەسانێك هەن بەو كارە شەرمەزارییە هەڵدەستن، هاوكات كەسانێكیش هەن پاڵپشتی و داڵدەی تاوانكاران دەدەن، لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە چۆن دەكرێ و ڕێگری لە دروستبوونی ئەو جۆرە كارەكتەرانە بگیرێ؟**

- لە سەرەتادا حەز دەكەم ئاماژە بەوە بدەم كە ئەو بابەتە بابەتێكی یەكجار هەستیار و گرنگە، گرنگییەكەی لەوە دایە پەیوەستە بە تاوانكاری و سڕینەوەی وجودی بوونەوەرێك كە پەروەردگار خوڵقاندوویەتی، هەروەها سەرچاوەی دەیان ئاریشەو مەرگەساتی كۆمەڵایەتییە بۆیە دەستخۆشیتان لێ دەكەم، بێگومان لە كاتی باسكردن و شرۆڤە كردنی هەر دیاردەو پێشهات و كێشەیەكی كۆمەڵایەتی پێویستە یەكراست بگەڕێینەوە سەر ئەو سیستەمە كۆمەڵایەتییەی كۆمەڵگە بەڕێوەدەبات تا لەوێوە دەستنیشانی فاكتەر و چارەسەری بكەین، كۆمەڵگەی كوردەواری سیستەمێكی باوكسالاری رووت بەڕێوەی دەبات، سیستەمێك كە هەموو شت بە موڵكی پیاو دادەنێ، ڕۆڵ و دەسەڵاتی تەواو دەدات بە پیاو بۆ كۆنترۆڵكردنی هەموو شتێك لە پێش هەمووشیانەوە ئافرەت، لێرەوە پیاو بەمافی خۆی دەزانێ موڵكداری ئافرەت بكات وەك چۆن موڵكداری خانوو و زەوی و ئۆتۆمبێل دەكات، تەواوی حەز و ئارەزوو هەڵسوكەوت پیشەو كردارەكانی دەبێ بە ویست و خواستی پیاو بێ، واتە ئافرەت تەنها كەسایەتییەكی پەراوێزكراو و ئاراستە كراو دەبێ، بێگومان ئەو سیستەمەش سیستەمێكی كۆنی ڕەگ و ڕیشەداكوتاوە نەك تەنها لە نێو كۆمەڵگەی كوردەواری بەڵكو لە زۆرینەی كۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەكان ئەوانەی پێكهاتەی كۆمەڵایەتییان نزیكە لە كۆمەڵگەی كوردی، لە ڕاستیدا باوك سالاری دەردو گرفتی سەرەكی كۆمەڵی ئێمەیە، هەر لەوێشەوە توندو تیژی و كوشتنی ئافرەت بە بیانووی شەرەف پارێزی و چەندان تاوان و ئاریشەی دیكە سەرچاوە دەگرێ.

گەر هەڵسەنگاندنێكی لۆژیكییانە بۆ ئەو فاكتەرانە بكەین كە دەبنە سەرچاوەی كوشتنی ئافرەت لەسەر ناموس یان هەر كارێكی دیكەی توندوتیژ دەرهەق بە ئافرەتان، دەبینین بەشێكی گرنگی كردارەكە پیاوە، جا پرۆسەی دڵداری بێ یان سێكسی، بەڵام دووفاقی كۆمەڵگە دەڵێت تەنیا ئافرەتە كە تاوانكارەو دەبێ سزا وەرگرێ، پیاوەكەش بێ تاوان نیشان دەدرێ و جاری وا هەیە شانازی بەو كردارەی دەكاو وەك نیشانەیەك لە نیشانەكانی پیاوەتی نمایشی خەڵكی دەكات، بۆیە بۆ وەڵامی پرسیارەكەت دەڵێم پێویستە كار بەو ئاڕاستەیە بكەین كە چۆن دەتوانین شكست بە باوك سالاری بێنین، چۆن وەك سیستەمێكی دواكەوتوو لە دیدگاو خودی تاكەكان كاڵ و چورچی بكەینەوە؟ چۆن لە خەڵكی بگەیەنین نایەكسانی و زوڵمی تێدا بەرجەستەیە، بۆ ئەمەش پێویستیمان بەوەیە لە پرۆسەی پەروەردەو خێزانەوە دەست پێ بكەین، كە لەوێدا پرۆسەی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی دەست پێدەكات، پرۆسەیەك ئەوەندە ساغڵەم و دروست بێ تاكەكانی لەسەر یەكسانی و ڕێزگرتن لە مافی بەرامبەر و ئایدیای مرۆڤانە پەروەردە بكات، گەر توانیمان ئەوە بكەین زۆر ئاسان دەتوانین هەرەس بەسیستەمی ناڕەوایی نێر سالاری بێنین بەمەش چیتر كۆمەڵگە نابێتە ماكینەیەك بۆ بەرهەمهێنانی كارەكتەری توندوتیژ دژی ئافرەت و ئەوانەیش كە پشتگیری و داڵدەی بكوژانی ئافرەت دەدەن.

*** لە كۆمەڵگەی ئێمەدا خێزان هەردەم شەرەف و نامووسی خۆی بەجەستەی ئافرەتەوە دەبەستێتەوە، لەكاتێكدا لە كۆمەڵگە پێشكەوتووەكان چەند بەهایەكی كۆمەڵایەتی دیكە وەك(درۆ، دزی، گەندەڵی )بەشێكن لە ئاكارو شەرەفی مرۆڤ، بەڕای ئێوە چۆن دەتوانین ئەم ڕوانگە هەڵەیەی كۆمەڵ بگۆڕین، ڕووەو ئاقارێكی تەندروست و دادپەروەرانە ئاڕاستەی بكەین؟**

- بەڵێ ئەمە خاڵێكی ئێجگار گرنگە، لەڕووی زانستی كۆمەڵناسییەوە كۆمەڵە بەهایەك هەن ئاكارو ڕەوشت و نامووسی مرۆڤ پێك دێنن، لەوانە(درۆ، دزی...تاد) ناموسی خێزان تەنیا لە جەستەی ئافرەتدا نییە بەڵكو كۆمەڵە بەهایەكە، هەروەها شەرەف و ناموسی ژن تەنیا بە ئافرەت ناپارێزرێ، بەڵكە لە پارێزگاری كردنی سەرجەم ئەندامانی خێزانە لە پێش هەموویان پیاوان، لەو بەها كۆمەڵایەتییانەی باسمان كردن.

*** كەواتە پێویستیمان بە صیاغەیەكی نوێ هەیە بۆ پێوانەكردنی بەهای شەرەف و ناموس؟**

-بەڵێ، پێویستە دووبارە پێناسەی شەرەف بكەینەوە. پێناسەیەك هاوكات لە گەڵ ڕێزگرتن بۆ كەلتوور و بەهاكانی كۆمەڵ، ڕێز لەحەز و ئارەزووەكانی ئافرەتیش بگرێ، دادپەروەرانە وەك مرۆڤ سەیری بكات، ئێمە لەگەڵ بەرەڵاییدا نین بەڵام توندوتیژی و كوشتنیش چارەسەری گرفتەكان ناكات، هۆشیاری و پێگەیاندنی زانستییانەی خێزان باشترین كەرەستەكانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو زوڵم و ناعەدالەتیەن.

*** هیچ ئایینێك ڕێگە بە كوشتنی ئافرەت بە بیانووی شەرەف پارێزی نادات، بەڵام كەسانێك هەن شرۆڤەی توند بۆ دەقە ئایینییەكانی دەكەن، یان دنەو هانی خەڵكی دەدەن، لەم ڕووەوە ڕۆڵی پیاوانی ئایین چۆن هەڵدەسنگێنی، پێت وانییە دەبێ ئەوان بوێرانەتر وەك ئەوەی لە ئاییندا هاتووە ئەو پرسە بۆ خەڵكی شیبكەنەوە و تێروتەسەلتر لەسەری بووەستن؟ چونكە كەسانێك هەن ڕەوایەتی ئەو كارە شەرمەزارەیان لە ئایینەوە وەردەگرن؟**

- من پێم وانیە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە ئایینەوە هەبێ، چونكە لە تەواوی ئایینەكان بەتایبەتی ئیسلام دەقێك نادۆزیتەوە ڕێگە بەو كارە بدات، دواتر ئیسلام مەرجی زۆر سەختی بۆ ئیسپاتكردنی هەر كارێكی زینا داناوە، بۆیە مەسەلەكە بەپلەیەك كۆمەڵایەتییە، پەیوەستە بە ڕوانین و بیركردنەوەی كۆمەڵگە،

دەركردنی یاساو جێبەجێكردنی لەگەڵ باری گوزەرانی باش و سیستەمی پەروەردەیی دروست، باشترین ئامرازی چارەسەركردنی ئەو گرفتەو چەندان ئاریشەی دیكەی كۆمەڵایەتین

پێویستە كار بەو ئاڕاستەیە بكەین كە چۆن دەتوانین شكست بە باوك سالاری بێنین، بۆ ئەمەش پێویستیمان بەوەیە لە پرۆسەی پەروەردەو خێزانەوە دەست پێ بكەین، كە لەوێدا پرۆسەی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی دەست پێدەكات

لە تەواوی ئایینەكان بەتایبەتی ئیسلام دەقێك نادۆزیتەوە ڕێگە بە توند و تیژی دژی ئافرەتان بدات

پیاو بە شێوەیەك تەماشای ئەوکارە دەکات وەك ئەوەی یەکێك دەستدرێژی کردبێتە سەر موڵکی ئەو، یان هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەوی دابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ناکرێ رۆڵی ئایین و پیاوانی ئایینی ئیسلام فەرامۆش بکەین بەتایبەت لە کۆمەڵێکی وەك ئێمەدا کە کۆمەڵگەیەکی ئایینی عەشایرییە زۆر گوێ لە قسەی پیاوانی ئایینی دەگیرێ و پێی کاریگەر دەبێ، بەداخەوە من تائێستا بە رێژەیەکی زۆر دەگمەن نەبێ نەمبیستووە مامۆستایانی ئایینی بەشێوەیەکی دووردرێژ لە مزگەوتەکان وەك ئەوەی لە ئاییندا هاتووە مەسەلەکە بۆ خەڵك شرۆڤە بکەن و تاوانکارانیش ریسوا و شەرمەزار بکەن، بۆیە ئەوان بەپێی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی هەیانە دەتوانن رۆڵی یەکجار کاریگەر و ئیجابی بگێرن.

*** دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و دادگاکان لایەنێکی گرنگی لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو تاوانە و پەلکێشکردنی تاوانکاران بۆ بەردەم دادگا پێت وایە دەزگاکانی ئێمە لە ئاست گەورەیی ئەو تاوانەدان؟**

**چۆن دەتوانن کاراتر رێگری لەو تاوانکاران بکەن؟**

-بکوژ و ئەوانەی پشتگیریان دەکەن، لەگەڵ ئەندامانی پۆلیس و ئاسایش و دادگاکان، هەموویان بەرهەمی خێزانن، وەك گوتمان خێزانی یەکەمین قوتابخانەی پێگەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵە، سیستەمی کۆمەڵگە سیستەمێکی نێرسالاری رووتە، لایەنە بەرپرسەکانیش گۆشکراوی ئەو سیستەمەن و مامەڵەی پێدەکەن، کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی موجامەلاتییە، زۆر لە پەیوەندییەکان لەسەر ئەو ئەساسە دامەزراون، بەرپرس و باڵادەستان هەر ئیش و کارێك لە توانای ئەواندابێ بۆ براو ئامۆزا و خزمە پلە یەکەکانیان دەکەن، سڵ ناکەنەوە لە ئەنجامدانی، جاگەر خزمەکەی تاوانێکیشی کردبێ ئەوا هەر دەبێ بەرگری لێبکا چونکە ئەو خزمی خوێنە و عەیبە پشتی تێبکا، ئەوەش خەسڵەتی کۆمەڵگە خێڵەکییە- دەرەبەگییەکانە، بەداخەوە کاتێك راپێکردنی ئیش و کارەکان بەوشێوەیە بێ ئەوا ئێمە دەکەوینە بەردەم ئیشکالیەت و گرفتێکی قووڵتر چونکە ئەو جۆرە مامەڵەیە رێگر دەبێ کە لایەنی پەیوەندار بە ئەرکی خۆی هەڵسێ و کەسی تاوانبار سزابدا، بۆیە لایەنێکی دیکە بریتییە لە لێپرسینەوەی توند لە گەڵ ئەوانەی پشتگیری لە بکوژان دەکەن و رێگە نادەن ئەنجامدەرانی ئەو کارە شەرمەزارییە ئیجرائاتیان لەگەڵ بکرێ.

*** چۆن دەتوانین تاوانی کوشتن و سەرجەم کردارە توندوتیژەکانی دیکەی دژ بە ئافرەت لە چوارچێوەی پرسێکی تایبەت بەخێزان دەربهێنین و حکومەت و لایەنە پەیوەندارەکانی لێ بکەین بە خاوەن؟**

- لە کۆمەڵگەی ئێمەدا خێزان زۆر بەپیرۆزی تەماشا دەکرێ، هەر چی لەو نێوەندە رووبدات هیچ کەسێك بۆی نییە هەتا حکومەتیش تەداخول بکا، بەڵکە دەگوترێ کارێکی تایبەتی خێزانییە، ئەوە روانگەیەکی یەکجار هەڵەیە، چونکە مرۆڤی داهاتوو لەوێوە دروست دەبێ بۆیە نابێ، قەت رێگە بە خێزان بدرێت چۆن و چی دەوێت لەگەڵ ئەنداماکانی بیکات، باوك بەچ شێوازێك بیر دەکاتەوە ئاوا پەروەردەی منداڵەکانی بکات، نابێ حکومەت جڵەوی تەواو بداتە دەستی خێزان، پێویستە لەگەڵ ئەوەدا بە کرداری پێگەیاندنی تاك هەڵسێ، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و دەزگاکانی پۆلیس و دادگا دەبێ چاودێری راستەوخۆی خێزانەکان بن.

*** کەواتە حکومەت و لایەنە پەیوەندارەکان بەچ شێوەیەك دەتوانن خێزان لەسەر ئەساسێکی راست و دروست نۆژەن بکەنەوە؟**

- ئەمە کارێکی گەورە و سەختە، خۆبەختکردن و لێبووردەیی گەرەکە، ئەو پرسە تەنیا بەگۆڕینی بوارێك لە بوارەکان یان دەرکردن و هەموارکردنی یاساکان نایەتە ئەنجام، بەڵکە کاری گشتگیر و هەمەلایەنی دەوێ، سیستەمی حوکم پێویستە پشت بە دوو کۆڵەگەی گرنگ ببەستێ یەکێکیان دەرکردنی یاسا ئەوی دیکەیان جێبەجێکردنی، تەنیا دەرکردنی یاسا گرنگ نییە بەڵکە موتابەعەی جێبەجێکردنیشی گرنگە، دەبێ حکومەت پێداگیری بکا لە جێبەجێکردنی یاساکان نەك هەر تەنیا هەموار بکرێ و بەس، ئەمە لایەنێك، لایەنێکی دیکە پەیوەندارە بە گۆڕینی سیستەمی پەروەردە کە لە رێگەی ئەوەوە دەتواندرێ خێزان نۆژەن بکەیتەوە و ئاراستەی بکەی، کار بکەیتە سەر شێوەی بیرکردنەوەی ئەندامەکانی، ئینجا باشکردنی باروگوزەرانی خەڵك، واتە دەرکردنی یاسا و جێبەجێکردنی لەگەڵ سیستەمی پەروەردەیی دروست و باری گوزەرانی باش کەفیلن بۆ ئەوەی نەك هەر لەو گرفتە بەڵکە زۆرێك لە نەخۆشی و ئاریشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە رزگارت ببێ.

*** رۆڵی راگەیاندن و رێکخراوەکانی NGO و داکۆکیکاران لە ئافرەت چۆن دەبینی؟**

- پێم وایە رۆڵێکی یەگجار باشیان گێڕاوە بەتایبەتی رۆڵی راگەیاندن ئێجگار کاریگەرە و دەستخۆشیان لێدەکەم، توانیوویانە گرفتەکە بە قەبارەی خۆی بوروژێنین و بیکەنە باسێکی گشتی بەرادەیەك حکومەت بێتەقسەکردن.

*** وەك دەبینن، پێداگرییەکی بەهێز لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە هەیە بەتایبەت لەلایەن خودی سەرۆکی حکومەتەوە بۆ رووبەڕووبوونەوە و بنبڕکردنی ئەو تاوانە و سزادانی تاوانکاران، پێتوایە ئەمە بەسە یان دەبێ حکومەت هەنگاوی دیکەش بهاوێ؟**

- وەك گوتم ئەمە کێشەیەکی هەمەلایەنە پێویستە حکومەت لە زیاتر لە تەوەرێکەوە کاری بۆ بکات، هەوڵەکانی حکومەت و سەرۆکایەتی حکومەت مایەی دڵخۆشین، بەڵام بەڕای من تائێستا لەو مەسەلانەی پەیوەستن بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە یاسا بە رێکوپێکی جێبەجێ نەکراوە، پۆلیس و دادگا وەك پێویست کاریان نەکردووە، لەمەودوا گرنگە حکومەت لە پاڵ جێبەجێکردنی یاسا، دووداڵ نەبێ لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو تاوانانەی لەناو حەرەمی خێزاندا روو دەدەن.

**پیاوانی ئایینی بەپێی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی هەیانە دەتوانن رۆڵی یەکجار کاریگەر و ئیجابی بگێرن**

**لە کۆمەڵگەی ئێمەدا خێزان زۆر بەپیرۆزی تەماشا دەکرێ، هەر چی لەو نێوەندە رووبدات هیچ کەسێك بۆی نییە هەتا حکومەتیش تەداخول بکا، بەڵکە دەگوترێ کارێکی تایبەتی خێزانییە، ئەوە روانگەیەکی یەکجار هەڵەیە، چونکە مرۆڤی داهاتوو لەوێوە دروست دەبێ**


**پۆلیس و دادگا وەك پێویست کاریان نەکردووە، لەمەودوا گرنگە حکومەت لە پاڵ جێبەجێکردنی یاسا، دووداڵ نەبێ لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو تاوانانەی لەناو حەرەمی خێزاندا روو دەدەن**

پرۆفیسۆر جۆل میگدال ئوستادی سیاسەت لە زانکۆی واشنتۆن بۆ گوڵان



# هەنگاوەکانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بۆ داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت بەکارێکی پۆزەتیڤانە دەزانم

■ پرۆفیسۆر جول میگدال ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی واشنتۆن و پسپۆرو شارەزایە لە سیاسەتی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیستەمی حوکمڕانی لە دەوڵەتانی ناوچەکە.
بۆ هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی حوکمڕانی کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بایەخدان بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ و مافی ئافرەت و رۆڵی سەرکردایەتی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکاندا گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر میگدال کردو بەڕێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی. ■



كوردستان دووچاری چەند تەحەددایەكی گەورە بووەتەوە: یەكەمیان: بریتییە لە مانەوەی كوردستان وەكو هەرێمێک لە وڵاتێكی فیدراڵی لەگەڵ هێشتنی جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ هەرێمەكانی تری عێراق، هەروەها لەگەڵ شێوازی دابەشكردنی نەوت و داهاتەكانی. بەڵام بە رای من، گەورەترین تەحەددی كە رووبەرووی كوردستان دەبێتەوە بریتییە لە پەیوەندییەكانی لەگەڵ توركیا

**ئێوە لە هەرێمی كوردستان**
**بارودۆخێكی باشتان بۆ رەخساوە.**

***ئایـــا چ جیاوازییـــەك دەبینیـــت لەنێوان بـــاری هەرێمی كوردستانی و باری عێراق؟**

-لەڕاستیدا، هەرێمی كوردستانی عێراق توانیویەتی ئارامی و ئاســـایش بەرقەرار بكات لـــە ناوچەكەی، هەروەها نیمچە یەكگرتوویەكی تێدایـــە، چونكە ئەمڕۆ تاڵەبانی و بارزانی، یەك پارچەن و یەك هەڵوێســـتیان هەیە، هەروەها هەروەكو من لێرە ئاگام لێیەتی، دەزانم باری ئاسایشی هەرێمی كوردستان ئارام و ســـەقامگیرە. بەڵام لە ناوچەكانی تری عێراق جارێ نەگەیشـــتوونەتە ئەو قۆناغە كە بتوانن ئارامی و ئاســـایش سەقامگیربكەن، پارتە سیاسییەكان حوكمڕانیی ئەو ناوچانە دەكەن، هەروەها تاكو ئێســـتا رەوشـــی ئاســـایش لە دەستی ویلایەتـــە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادایـــە. دامودەزگاكانی حكومەتیش تاكو ئێســـتا یان لاوازن یان بەشـــێوەیەكی كارا بەڕێوەناچـــن. بۆیە، بە پێـــی زانیارییەكانم، ئێوە لە هەرێمی كوردستان بارودۆخێكی باشترتان بۆ رەخساوە.

**هەرێمی كوردستان**
**بەشێوەیەكی دیموكراتییانە حوكمڕانیی دەكات**

*** سیســـتەمی حوكمڕانیـــی هەرێمی كوردســـتان چۆن دەبینیت؟ بە ڕای تۆ، ئایا ســـەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەشـــێوەیەكی دیموكراتییانە حوكمڕانیی هەرێمەكە دەكات؟**

-بەڵێ هەرێمـــی كوردســـتان بەشـــێوەیەكی دیموكراتییانە حوكمڕانیی دەكات، هەروەك لێرەوە هەواڵەكان دەبیستم، دەبینم كاروبارەكانی هەرێمی كوردستان زۆر بە ڕێك و پێكی بەڕێوە دەچێت، هەرچەندە كوردستان دووچاری چەند تەحەددایەكی گەورە بووەتەوە: یەكەمیان: بریتییە لە مانەوەی كوردســـتان وەكو هەرێمێك لە وڵاتێكی فیدراڵی لەگەڵ هێشـــتنی جۆرە پەیوەندییـــەك لەگـــەڵ هەرێمەكانی تری عێـــراق، هەروەها لەگەڵ شـــێوازی دابەشـــكردنی نەوت و داهاتەكانی. بەڵام بە رای من، گەورەترین تەحەددی كە رووبەڕووی كوردستان دەبێتەوە بریتییـــە لە پەیوەندییەكانی لەگەڵ توركیا. بۆیە لە ئایندەدا، كوردستان بەشێوەیەكی سەرەكی پشت دەبەستێت بە توركیا، بۆیە ئەمە تەحەددایەكی زۆر گەورەیە.

**ئەو هەنگاوانە ی سەرۆكی حكومەتی كوردستان**
**بە كارێكی پۆزەتیڤانە دادەنێم**

***هەنگاوەكانی سەرۆك حكومەتی هەرێمی كوردستان چۆن دەبینیـــت لە هەوڵەكانی بۆ زەمینە خۆشـــكردن لە هەرێمی كوردســـتانی عێراق بۆ دیموكراسییەت و جەختكردنەوەی لەسەر باری ئابووری؟ هەروەها، پێش چەند رۆژێك، سەرۆك حكومەتمان بینی لە ڕێوسمێكدا لەسەر پاراستنی مافەكانی ئافـــرەت، كە پشـــتگیریی دەكرد لە مافەكانـــی ئافرەت لە هەرێمەكە. ئایا ئەم هەنگاوانـــە هیچ كاریگەرییەكی دەبێت لەسەر حكومەتی مەركەزی عێراق؟**

- پێش هەموو شـــتێك، ئەو هەنگاوانە بە كارێكی پۆزەتیڤانە دادەنێم، بەڕای من ئەوە كارێكی زۆر باشـــە، بەڵام سەبارەت بە كاریگەرییەكانی لەســـەر بەغدا، ئەوە لە دەربارەیەوە هیچ زانیارییەكم نییە.

***مەبەســـتم ئەوەیە، حكوومەتی بەغدا دەتوانێت ســـوود لە ئەزموونەكانی كورد وەربگرێت؟**

- هیوادارم وابێت، چونكە پێویســـتە لەســـەر هەرسێ (٣) لایەنە ســـەرەكییەكانی عێراق بیربكەنەوەو دەست پێ بكەن بۆ دامەزراندنی دامودەزگای كارا بۆ حكومەتێكی سەركەوتوو، مەبەســـتم: سوننەو شیعەو كوردە، بەم شـــێوەیە عێراق باشتر دەبێـــت، هەروەها كوردیـــش رێگایان پێ پێشـــان دەدات بۆ دامەزراندنی ئەو دامودەزگایانە، بەڵام پرسیارەكەمان لێرەیە: ئایا ســـوننەو شـــیعەكان دەتوانن هەمان شت ئەنجام بدەن یان نا؟

**مافەكانی مرۆڤ مەسەلەیەكی زۆر زۆر گەورەیە**

**یەكێـــك لە سیاســـەتەكانی حكومەتی كاراو ســـەركەوتوو و باش ڕێزگرتنـــی مافەكانی ئافرەتە، ئەمـــەش یەكێكە لەو سیاسەتانەی كە ئەمڕۆ لە هەرێمی كوردستانی عێراق پەیڕەو دەكرێت. ئایا لـــەم لایەنەوە، هیچ جیاوازییـــەك دەبینیت لە نێوانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی بەغدا؟**

-لەڕاستیدا، من لە لەلایەن خۆمەوە زانیارییەكی تەواوم نییە. مافەكانی مرۆڤ مەسەلەیەكی زۆر زۆر گەورەیە، هەروەها یەكێك لەو هەنگاوانەش كە پێویستە ئەنجام بدرێت ئەوەیە كە پێویستە حكومەتی مەركەزی بەغدا ڕێز لە هاووڵاتییەكانی بگرێت، بەڵام ئەو كارە تاكو ئێستا ئەنجام نەدراوە.

**كاتێک حكومەت بەشێوەیەكی كاراو باش بەڕێوەبڕوات**
**رێژەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت كەم دەبێتەوە**

*** ســـەرەڕای توندوتیژی، ئاســـتەنگی تـــر هەیە لە پێش دیموكراسییەت لە عێراق، بۆ نموونە: تاكو ئێستا دابونەریتی كۆنمـــان تێدا ماوە، وەكو: نالێبووردەیی و كوشـــتنی ئافرەت لەســـەر نامووس، لەگەڵ نەبوونی هیچ رێككەوتنێك لەسەر دابەشـــكردنی داهاتەكانی نەوت. بۆیە، پێشـــنیارەكانی تۆ چین بۆ عێـــراق و عێراقییەكان بۆ ئەوەی بەیەكەوە كاربكەن لەپێناوی دەربازبوونیان لەم گرفتانە؟**

- بەڕاســـتی، هـــەر یەكێك لەوانە گرفتێكـــی ئاڵۆزە، بۆیە

دەمەوێت وەڵامی ئەو پرســـیارە بدەمەوە کە لەسەر تاوانەکانی کوشـــتنە لەســـەر نامووس. لێرە، لە زانکۆی واشنتۆن چەند توێژینەوەیەکمان ئەنجامداوە لەسەر کوشتن لەسەر ناموس، ئەم توێژینەوانە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا ئەنجامدراوە، کە پارچە کوردییەکەی تورکیا دەگرێتەوە، ئەوەی لە توێژینەوانە دۆزیمانەوە ئـــەوە بوو کە کاتێك دامـــودەزگا ناوخۆییەکانی حکومەت بەشـــێوەیەکی کاراو باش بەڕێوەبروات، مەبەستم: دادگاو پۆلیس و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ئەوە ڕێژەی ئـــەم دیاردەیە کەم دەبێتەوە. هەروەها ئەم دیاردەیە لەو جۆرە کەش و هەوایە باوە کە لە بارودۆخێکی گێرەشـــێوێنیدا دامودەزگاکانی حکومـــەت تیایدا لاوازن، بۆیە دەبێتە هۆی تەشەنەکردنی دیاردەی کوشتن لەسەر نامووس. بە ڕای ئێمە، هۆکارەکە بۆ عەشیرەتەکان دەگەڕێتەوە، لە بارودۆخگەلێك کە ڕێژەی ئاسایشی تێدا کەم بێت، ئەوە مەکانەی ئەوان لەگەڵ نامووس دەبێتە شـــتێکی زۆر زۆر گرنـــگ بۆ ئەوان، هەر بۆیەش، لەبەر ئەو هۆکارە، دیاردەی کوشـــتن لەسەر نامووس زیاد دەکات لەو جۆرە کەش و هەوایانە. بۆیە قورســـاییەکی گەورە کەوتووەتە ســـەر دروستکردنی دامودەزگای حکوومی هەرێم بۆ دڵنیاکردنەوەی هاوولاتیان لەســـەر متمانەکردنیان و دڵنیایـــی بوونیان، کە گەر بێت و هەر کەســـێك ئەو جۆرە تاوانانە ئەنجام بدات، ئـــەوە دەخرێتە بەندیخانەوە. بۆ ئەوەی پشـــت بە حکومەت ببەستن بۆ سزادانی ئەو جۆرە کەسانە. ئەمە ڕێگاچارەکەیە بۆ دیموکراسییەت و هەروەها زەحمەتترین هەنگاوە بۆ ڕۆیشتن بەرەو دیموکراسییەت، چونکە دروستکردنی دامودەزگای حکوومـــی بەهێز تەنیا لە پایتەختەکەی وڵات نابێت، بەڵکو پێویســـتە جەخت بکرێتە سەر شارو شارۆچکە بچوکەکانیش بۆ بەهێزکردنی ئەو دامودەزگا ناوخۆییانە و چەسپاندنی ئارامی و ئاسایش.

کێشەی نەوت و دابەشکردنی داهاتەکانی کێشەیەکی گەورەو ئاڵۆزە. پێش هەمـوو شتێك، بەڕای من، کوردستان بە بێ نەوت باشـــترە، لەبەر چەند هۆکارێك ئەو قسەیە دەکەم. بەدرێژایی مێژوو لەسەرجەم وڵاتەکانی جیهان، نەوت بووەتە بەربەستێك لەپێش دروســـت بوونی دامودەزگای کاراو سەرکەوتوو لەسەر ئاســـتی ناوخۆیی. بۆ؟ چونکە گـــەر حکوومەتێك داهاتی نەوتی نەبێت، ئەوە دەست دەکات بە دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ هاوولاتییەکان، بۆ نموونە: کۆکردنەوەی باج، چونکە حکوومـــەت پێویســـتیی پێیان دەبێت، بۆیـــە، کاتێك باج لە هاوولاتییـــەکان کۆبکەیتەوە، دەتوانیـــت بزانیت ئەوان چۆن بیردەکەنـــەوە، هەروەها دەتوانیت بزانیت پێداویســـتییەکانیان چییـــە . بۆیە کاتێك تۆ بـــاج لەهاوولاتییەکان کۆبکەیتەوە، تۆ تەنیا پارەیـــان لێ وەرناگریت، بەڵکـــو خزمەتگوزارییان پێشـــکەش دەکەیت بۆ ئـــەوەی هاوولاتییەکان هەســـت بەوە بکـــەن کە ئەو باجەی دەیدەن بە حکوومەت ســـودێکی هەیە بۆ وڵاتەکەو مایەی خزمەتکردنی هاوولاتییانە. هەروەها بۆ ئەوەی پێدانی باج بە خۆبەخشانە بێت نەك بە زۆرەملێ لێیان وەربگیرێت. ئەگەر نەوتت نەبێت، پێویســـت بە کۆکردنەوەی باج ناکات، پێویســـت ناکات بزانیت خەڵك خەریکی چین یان بیر لە چی دەکەنەوە، ئەمەش ئەو شـــتە بوو کە لەگەڵ شای ئێران ڕوویدا، ئەو هەســـتا بە دروستکردنی حکومەتێکی زۆر بەهێز لە ئێران، بەڵام لەبەر ئەوەی نەوتی هەبوو، دەرنەدەچووە دەرەوە، هەڵنەســـتا بە دروستکردنی دامودەزگای تایبەت بۆ کۆکردنەوەی باج، بۆیە نەیدەزانی هاوولاتییەکانی بیر لە چی دەکەنەوە یان ســـەرقاڵی چین. بۆیە، نەوت نیعمەتەولەهەمان کاتدا نەهامەتییە ، نیعمەتە چونکە سەرچاوەیەکەو نەهامەتییە لەبـــەر ئەوەی چونکـــە ڕێگر دەبێت لە پێش دروســـتکردنی دیموکراسییەت.

## هەوڵ بدەن کوردستان بکەن بە نموونەیەک بۆ عێراق

***ئەمڕۆ دەبینین لە کوردســـتان هەنگاوی بەرچاو هەیە بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی مـــرۆڤ و مافی ئافرەتان، هەروەها هەوڵدانی زۆر هەیە بۆ دورکەوتنەوە لە دابونەریتی کۆن، ئایا ئەم هەنگاوانە هیچ کاریگەرییەکیان دەبێت لەسەر حکومەتی بەغدا بۆ ئەوەی ئەوانیش ئەم جۆرە دیموکراســـییەتە پەیڕەو بکەن؟ حکومەتـــی بەغدا دەتوانێت ســـودێك لە ئەزموونی کوردستان وەربگرێت؟**

-لەڕاستیدا وەڵامێکی تەواوم نییە بۆ ئەم پرسیارە، بەڵام هەر چەند زیاتر هەوڵ بدەن ئەوەندە باشـــتر دەبێت، کوردســـتانیش بکەن بـــە نموونەیەك بۆ عێراق ئەوە بە ڕای من ســـودێکی زۆری لێ دەکەوێتـــەوە. چونکە بارودۆخی پارچەکانی تری عێراق زۆر گـــرژو ئاڵۆزە لە توندوتیـــژی و ناکۆکی، بۆیە زۆر زەحمەتە لەو بارودۆخە بتوانرێت جۆرە دیموکراســـییەتێك دروست ببێت.

## هێزە ئیسلامییەکانی عێراق کە ئەمڕۆ خاوەن دەسەڵاتن مەترسیەکی گەورەن بۆ ئاییندەی عێراق

*** هەروەهـــا دەبینین باری ئەمڕۆی عێراق پێویســـتیی بە دیموکراسییەت هەیە، بەڵام دەبینین وڵاتانی ئیسلامی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیچ سیمایەکی دیموکراسییەتیان تێدا نییە لە سیســـتەمی حوکمڕانی. کەواتا، ئەو هەنگاوانە چین بۆ چەسپاندنی مافەکانی ئافرەت؟ ئەمڕۆ دەبینین سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لە هەوڵدانی بەردەوامدایە بۆ چەسپاندنی ئەو مافانە، هەروەها پەرلەمانی کوردستان کاری**



●●●

**هیوادارم وابێت، چونکە پێویستە لەسەر هەرسێ (٣) لایەنە سەرەکییەکانی عێراق بیربکەنەوەو دەست پێ بکەن بۆ دامەزراندنی دامودەزگای کارا بۆ حکومەتێکی سەرکەوتوو، مەبەستم: سوننەو شیعەو کوردە، بەم شێوەیە عێراق باشتر دەبێت، هەروەها کوردیش ڕێگایان پێ پیشان دەدات بۆ دامەزراندنی ئەو دامودەزگایانە، بەڵام پرسیارەکەمان لێرەیە: ئایا سوننەو شیعەکان دەتوانن هەمان شت ئەنجام بدەن یان نا؟**

●●●

**لەســەر دەكات بۆ دەركردنی ڕێساو یاسا. ئایا ئەم هەنگاوانە هیچ كاریگەرییەكیان دەبێت لەســەر حكوومەتی مەركەزی؟ بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەك بۆ چەسپاندنی دیموكراسییەت؟**

- پێش هەموو شتێك، ئەوە ڕاستییەكە كە دیموكراسییەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی نییە، بۆیە ژینگەیەكی زۆر ئاڵۆزە بۆ دروست كردنی دیموكراسییەت، چونكە هەروەكو لە مێژوو دەركــەوت كە ڕێزی مافی مرۆڤ یان مافەكانی ئافرەت چەنــد بوو لە عێراق، لە كاتی دەســەڵاتی ڕژێمی (سەددام)یش بەهەمان شــێوە بوو. بەڵام پێش هەموو شتێك، ئایینــ ڕۆڵێكی گەورە دەبینێت لێرە، لەگەڵ كاردانەوەی هێزە ئیسلامییەكان بەرانبەر بە پرسی مافەكانی ئافرەت، هەروەها تێڕوانینی هێزە ئیســلامییەكان بۆ پرســی مافی ئافرەت و پێشــكەوتنەكانی كە ببێتە مایەی هەڕەشــە بۆ ئەو هێزانە، ئەگەر هات و ئەو هێزە ئیسلامییانە هەستیان كرد بەوەی كە ئەم كێشــەیە بۆیان دەبێتە مایەی هەڕەشە، ئەوە ئاكامەكانی زۆر خراپ دەبێت لەســەر حكوومەتی بەغدا، چونكە دەبێتە مایەی گرژی و ناكۆكی لەنێوانی هەردوو لا، لە لایەنێكەوە: پرسی دیموكراسییەت و مافەكانی مرۆڤ و مافی ئافرەت، و لە لایەنێكی تریشەوە مەترسییەكانی هێزە ئیسلامییەكانی عێــراق، كە ئەمڕۆ خاوەن دەســەڵات و هێزێكی گەورەن لە عێراق.

ـ ڕۆڵی ســەركردایەتیی كوردســتان چــۆن دەبینیت، لە هەوڵەكانیــان بۆ ئارام كردنەوەی ئەو بــارە گرژییەی نێوان توركیاو هەرێمی كوردستانی عێراق؟

-لەڕاســتیدا، من لە نزیكەوە ئاشناییم نییە بەو بارودۆخە بۆ ئەوەی ڕای خۆم دەرببڕم لەسەر ڕۆڵی سەركردەكانی كوردستان و هەوڵێســتەكانیان بۆ ئارام كردنــەوەی بارودۆخەكە. بەڵام بەڕای من، بەشێوەیەكی گشــتی بڕواناكەم سەركردایەتیی كوردســتان هەڵوێســتێكی جددیی وەرگرتبێت بەرامبەر بەو مەترســییە گەورەیــەی كە لەوانەیە لە توركیــاوە دەربچێت بەرانبەر بە نیگەرانیی لە ســەربەخۆیی كوردســتان، بۆیە پێویســتە ئەو خاڵە ڕەچاو بكرێت. هەروەها پێویســتە هێزی ســەربازیی توركیاش ڕەچاو بكرێت، چونكە توركیا خاوەنی ســوپایەكی بەهێزە، بۆیە بڕوام وایە كە ئەم كێشەیە مایەی نیگەرانی سەركردایەتیی كوردستان بێت و هیوادارم ڕەچاوی ئەو خاڵانە بكەن.

**ئەگەر توركیا هەست بەوە بكات كە كوردستان خەریكە سەربەخۆدەبێت ، ئەوە هەڵوێستی زۆر خراپی لێ دەردەچێت**

***بەڵام دەبینین تەنیا كوردو ســەركردایەتیی كوردستان لــە هەوڵدانن بۆ ئارام كردنەوەی ئەو گرژییە، هەرچەندە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا لەگەڵ كوردە، بەڵام بینیمان سەرۆكی حكومەتی عێراقی (د.مالیكی)، هیچ هەڵوێستێكی پیشان نەدا بۆ یارمەتیدان و هاوكاریكردنی كوردســتان بەرانبەر بە هەڕەشــەكانی توركیا بۆ سنوور بەزاندن بۆ ناو خاكی هەرێمی كوردستان.؟...**

- دوو شــت هەیە، كە پێویستە لەســەر سەركردایەتیی كوردســتان ئەنجامی بدات، هەرچەندە لەو بڕوایەدام كە هەندێكی لێ جێبەجێ كردووە، بەڵام زۆریش دڵنیا نیم. یەكەمیان بریتییە لــە پەیوەندییەكانی لەگەڵ PKK، ئەمەش دەبێتە مایــەی نیگەرانییەكی زۆر بۆ توركیا، كە كوردســتان بووەتە پەناگەیەكی ئــارام بۆ PKK. بەڵام بەڕای من، گەورەترین پرس، پرســی سیاســییە. چونكە پێویستە لەســەر سەركردایەتیی كوردستان جۆرە وتارگەلێك بڵاوبكەنەوە، بەڵام نەك تەنیا وتارو قسە بێت، بەڵكو كاركردن بەو وتارانەو جێبەجێ كردنیان. ئەویش كە كوردستان پارچەیەكە لە عێراقێكی یەكگرتوو، نەك وەكو هەرێمێكی ســەربەخۆ بێت. ئەگەر توركیا هەســت بەوە بكات كە كوردستان خەریكە ببێتە هەرێمێكی سەربەخۆ، ئەوە هەڵوێستی زۆر خراپی لێ دەردەچێت.

***ڕات چییــە بەرامبەر بە پەیوەندییە لاوازەكانی نێوانی نەتــەوەكان و نەبوونی ناڵێبووردەیی لەنێوان پێكهاتەكانی عێراق؟**

- كاتێك هەر حكومەتێك هەســتێت بــە دامەزراندنی دامودەزگای بەهێز، ئەوە ئەم ناڵێبوردەییە بوونی نامێنێت و نابێت بە گرفتێكی گەورە. لە سەدەی ١٩، ئێمە هەمان گرفتمــان هەبوو لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، كــە جۆرە ڕق و كینەیەك هەبــوو لەنێوانی پێكهاتەكان، بــەڵام دوای دامەزراندنی حكوومەت و بوونی پۆلیس و دادگا، بۆیە ئەم دیاردەیــە ڕووی لە نەمان كرد. بۆیە، بەڕای من، پێویســتە جەخت بكرێتە ســەر گوندەكان و ناوچەكانی دوور لە ســەنتەری شــار، بۆ نموونە: گەر بڕۆیــت و ســەردانی گوندەكانی كوردســتان بكەیت، هیچ ســیمایەكی حكومەتی تێدایــە؟ دادگاو پۆلیس و دامەزراوەی كشــتوكاڵی و دامــودەزگای حكومەتی تێدایە؟ یان دامودەزگاو دادگاو دامەزراوە حكوومییەكان ٢٠ كیلۆ مەتر دوورە لە گوندەكان و تایبەتە بە پایتەخت و شارە گەورەكان؟

بۆیە لە نەبوونی ئەم هەموو فاكتەرانەی كە ئاماژەم پێی كــرد ئەوە ناڵێبووردەیــی و ڕق و كینە لە ناو كۆمەڵگا تەشەنەدەكات.

●●●
**ئەوت نیعمەتەولەهەمان كاتدا نەهامەتییە ، نیعمەتە چونكە سەرچاوەیەكەو نەهامەتییە لەبەر ئەوەی چونكە ڕێگر دەبێت لە پێش دروستكردنی دیموكراسییەت**
●●●

●●●
**فورساییەكی گەورە كەوتووەتە سەر حكوومی هەرێم بۆ دڵنیاكردنەوەی هاووڵاتیان لەسەر متمانەكردنیان و دڵنیایی بوونیان، كە گەر بێت و هەر كەسێك ئەو جۆرە تاوانانە ئەنجام بدات، ئەوە دەخرێتە بەندیخانەوە، بۆ ئەوەی پشت بە حكوومەت ببەستن بۆ سزادانی ئەو جۆرە كەسانە. ئەمە ڕێگاچارەكەیە بۆ دیموكراسییەت و هەروەها زەحمەتترین هەنگاوە بۆ ڕۆیشتن بەرەو دیموكراسییەت**
●●●

بۆیە، لەم جـــۆرە بارودۆخەدا، چ هەنگاوێك باشـــە بکرێت بـــۆ دروســـتکردنی کەش و هەوایەکی دیموکراسی؟

گەر بێت و باسی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی رۆژئاواو رێکخـــراوە ناحکوومییەکان بکەیت، ئەوە هاوکاریی حکومەتیـــان لەگەڵدا نییە، ئەم جـــۆرە رێکخراوانە، هەرچەندە من دەزانم رێکخـــراوی ناحکوومـــی بوونـــی هەیە لە کوردســـتان، بەڵام پێویســـتە ئەم رێکخراوانە زیاتر کاربکەن، لەگـــەڵ ئافرەتان و لەگەڵ جوتیـــاران، هەروەها دروســـتکردنی متمانەو دەستەبەری، کە پەیوەستە بە پێدانی قەرزی بچوك بە جوتیارەکان و ئەوانیش بەرپرسیاربن بەرانبەر بەو قەرزانەی کە وەریدەگرن. لەگەڵ دروستکردنی بنکەی تەندروستی لە گوندەکان، هەروەها دڵنیام کە رێکخراوە ناحکومییەکانی ئەوروپـــا دەتوانن رۆڵێکـــی بەرچاو ببینن لە دابینکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە.

*** ئایـــا، چۆن دەڕوانیت لە باری ئێســـتای عێراق؟**

- باری ئێســـتای عێراق زۆر لاوازە، چونکە دوو گرفتـــی ســـەرەکی هەیـــە، گەورەترین کێشەیان: رەوشی ئاسایش و باری ئەمنییە لە ناوچەکانی شیعەو سوننە. دووەم کێشە بریتییە لە ئەگەری مانـــەوەی عێراق وەکو وڵاتێکی یەکگرتـــوو و یەك پارچە.بۆیـــە، گەورەترین تەحـــەددی کـــە ئەمرۆ رووبـــەڕووی عێراق دەبێتەوە تەحەددی سیاسییە

***کەواتـــا، بەڕای تـــۆ، وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت لەتوانیاندا نییە دیموکراســـییەت وەدی بێنن؟**

-هەروەکـــو پێشـــتریش ئامـــاژەم پێی کرد، دیموکراســـییەت وەدی نایـــەت لەرێـــگای ســـەپاندنی لـــە لایەنی رۆژئـــاواوە، بەڵکو لـــەو حاڵەتـــەدا روودەدات کاتێك حکومەت هەســـتێت بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هاووڵاتییەکانـــی، هیـــوادارم ئـــەو حاڵەتە لە کوردســـتان بوونی هەبێـــت، چونکە من سەردانی کوردســـتانم نەکردووەو ئاشناییم لە بارودۆخەکانی نییە.



●●●
**دیموکراسییەت لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی نییە، بۆیە ژینگەیەکی زۆر ئاڵۆزە بۆ دروست کردنی دیموکراسییەت**
●●●

●●●
**دیموکراسییەت وەدی نایەت لەرێگای سەپاندنی لە لایەنی رۆژئاواوە، بەڵکو لەو حاڵەتەدا روودەدات کاتێک حکومەت هەستێت بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هاووڵاتییەکانی**
●●●